

## ئاشنابوون بە

# کیرکەگۆرد


پۆڵ ستراتێرن

**لەفارسییەوە:**

**لوقمان ڕەئوف- شۆڕش مستەفا**

# ئایدیا

گۆڤارێکی فکریی فەلسەفییە، گرنگی بە لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان دەدات
دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٤١)
تشرینی دووەمی ٢٠١٣ ساڵی نۆیەم

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
سەرنوسەر: ئەنوەر حسێن
a·bazgr@gmail·com
٠٧٧٠١٥٣٥٠٢٩
جێگری سەرنوسەر: لوقمان ڕەئوف
lukmanraoof@yahoo·com
٠٧٧٠١٣٦٩٧٩٢
دەستەی نووسەران:
شاسوار کەمال، پێشڕەو محەمەد
مەجید مارابی، ئارام مەحمود ئەحمەد
راوێژکار:
شوان ئەحمەد، ڕێباز مستەفا
مستەفا زاهیدی
تایپ و هەڵەچن:
باوان عومەر
بەڕێوەبەری پەیجی فەیسبوک:
باوان عومەر
بەڕێوەبەری سایت: ئاراس حەسەن
سایتی ئایدیا: www·ideafoundation·co

بەڕێوەبەری هونەری:
هەرێم عوسمان

چاپ: چاپخانەی کارۆ.... تیراژ: ١٠٠٠ دانە ... نرخ: ٤٠٠٠ دینار

کیرکەگۆر، هەرچەندە بەواتای بنچینەیی وشە، فەیلەسوف نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا قسەی لەسەر چەند بابەتێک دەکرد، کە زیاتر بابەتی فەلسەفی بوون، کیرکەگۆر هەرچەندە لەبارەی جیهانەوە نەیدەنووسی، بەڵکو سەبارەت بەژیان دەینووسی، بەوەی کە ئێمە چۆن دەژین، چ شێوەیەک لەژیانمان هەڵبژاردوە؟

کیرکەگۆر دەستیکرد بەلێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە»واتای زیندوبوون» ، و بابەتی سەرەکی باسەکەی «تاکو بوونی تاک» بەواتایەکی تر، بابەتی «بوون» بووە لەتێڕوانینی کیرکەگۆرەوە، ئەو بوونە، تەواو سوبژیکتیو باڵاتر لەدەست پێگەیشتنی عەقڵو لۆژێک، یاساکانی فەلسەفەو خودایی‌و بانگەشەکانی دەروونناسیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بنچینەو بنەمای تەواوی بابەتەکانی ئەو تێڕوانیە بوو، کەفەیلەسوف‌و زاناو دەروونناسەکان لەهەموو کاتەکاندا لێیان وەرگرتووە.

بەشێک لەفەلسەفە، یان بەوتەی هەندێک لەنافەیلەسوفەکان، کەکیرکەگۆر بنیادنەری بوو، ناونرا «ئەگزیستانسیالیزم» بێگومان کاتێکی زەمەنی بەسەرداچوو، هەتاوەکو نووسینگە، یاخود چوارچێوەی ئەگزیستانسیالیزم بچەسپێت، هەندێک لەفەیلەسوفەکان وەکو نیچە، هوسرل و هایدگر» لەڕوانگەی رابەرانی ئەگزیستانسیالیزمەوە» بێئەوەی کەخۆیان بزانن، ئەگزیستانسیالیزمێک بوون، هایدگر ئەو واتایەی لەسەرخۆی رەتکردەوە، نیچەش پێش ئەوەی کەس ئەوەی پێبڵێت، مرد، کەسەدەیەک پاش مردنی کیرکەگۆر بوو، بەڵام بەدەرکەوتنی ژان پۆل سارتەر لەفەرەنسا دوای جەنگی جیهانی دووەم، پێگەی ئەگزیستانسیالیزم بوون، بەتەواوی وبەڕەسمی ناسراو جێگەو پێگەی خۆی گرت.

روناکبیرانی پاریس لەدوای شەڕەوە، بەنائومێدیەکی خراپ‌و قوڵدا رۆچون، بەشێوازێک لای ئەوان شتێک نەمابوو، جێگەی بڕوا پێکردن بێت، سوریالیزم

کەشێوەیەکی سەیرو سەمەرەو نەناسراوی هەبوو، بەم هۆیەوە ماوەیەک بۆ خۆی متمانەی بەدەستهێنا، لەگەڵ ئەوەی ئێستا بەروانینێکی گاڵتەپێکراو سەیردەکرێت، لەگەڵ گەیشتنە دەسەڵاتی ستالین، رۆشنبیرەکانی فەرەنسا، بڕواپێکردن بە کۆمۆنیزمیان بەسەخت دەزانی (هەرچەندە کەلەو رێگەیەوە ئێدەکۆشان) هەر لەو هەلومەرجەدا بوو، کەسەردەمی ئەگزیستانسیالیزم دەستیپێکرد، لەگەڵ ئەوەشدا لەبنچینەدا کەسێک ناچار نەکرابوو باوەڕ بەمە بکات، هەتا زیاتر لەوەش دەیوت کە»نائومێدی» بەشێکە لە «پێگەی مرۆیی»

بەم شێوەیە قوتابخانەی ئەگزیستانسیالیزم، لەگەڵ هاتنە دەرەوەی لەکافتریاکانی پاریس، دنیای داگرت‌و گەیشتە کافتریاکانی کرینویچو یلجو لەندەن‌و دانیشتەکانی گەنجانی رەخنەگرو یاخیبوونی سانفرانسیسکۆ، لەکۆتاییدا بووبە جێگای سەرنجی ناو زانکۆکانی هەردوو ئوقیانووسی ئەتڵەسی‌و، بوو بە فەلسەفەی کافتریایی‌و زانکۆیی.

جگەلەمەش باسە زۆر قوڵەکانی رووناکبیرەکانیش لەو رووەوە بوو، کەئەگزیستانسیالیزم توانی لەیەککاتدا هونەرمەندەکان، نووسەرەکان، فەیلەسوفەکان‌و شەقاوەکانیش لەخۆ بگرێ، کەهەموویان لەپێشکەوتنیدا رۆڵیان هەبوو، بەوشێوەیە قوتابخانەی ئەگزیستانسیالیزم، بوو بەپێشەنگی فکری‌و روانینی کرداری، وپێکهاتەگەرایی‌و پاش پێکهاتەی گەرایی، کەلەدەیەکانی دواتری ئەو سەدەیە، رەواجی پەیداکرد.

ناوەڕۆکی فەلسەفی قوتابخانەی ئەگزیستانسیالیزم، کەهەمان مەسەلەو بابەتی بوونە، بەگشتی بەدەسنکەوتی سەدەی بیستەم لەقەڵەمدەدرێت، سەدەیەک کەبەلەخۆ بێگانە بوون، نیگەرانی‌و شکان‌و بێمتمانەبوونی کەلتور دەستنیشاندەکرێت، لەگەڵ ئەمانەشدا هەموو ئەوانە راستەوخۆ لەکیرکەگۆرەوە سەرچاوە دەگرێت، کەنزیکەی سەد ساڵ پێش سارتەر لەدایکبووە.

هەرچەندە کیرکەگۆر بێشک بیرکردنەوەی زۆر لەپێش سەردەمەکەی خۆیەوە بوو، بەڵام سەرەتایی دەستپێکردنی کارەکانی، بەیەکێک لەکۆنترین پرسیارەکانی فەلسەفی دانا، بەوەی کە (بوون) چییە، ئەو پرسیارەی، جگەلە فەیلەسوفەکان خەڵکی تریش دەیکرد، بەڵام فەیلەسوفەکان پرسیاری ئەمانەیان بەنابەجێ‌و

گاڵتەجار دەزانی، یان ئەوەیان لەناو فەلسەفەی خۆیاندا، کە چارەسەرکراوبوو

کیرکەگۆر، هەرچەندە بەواتای بنچینەیی وشە، فەیلەسوف نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا قسەی لەسەر چەند بابەتێک دەکرد، کە زیاتر بابەتی فەلسەفی بوون، کیرکەگۆر هەرچەندە لەبارەی جیهانەوە نەیدەنووسی، بەڵکو سەبارەت بەژیان دەینووسی، بەوەی کە ئێمە چۆن دەژین، چ شێوەیەک لەژیانمان هەڵبژاردوە؟

کیرکەگۆر دەستیکرد بەلێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە»واتای زیندوبوون» ، و بابەتی سەرەکی باسەکەی «تاکو بوونی تاک» بەواتایەکی تر، بابەتی «بوون» بووە لەنێروانینی کیرکەگۆرەوە، ئەو بوونە، تەواو سوبژیکتیو باڵاتر لەدەست پێگەیشتنی عەقڵو لۆژێک، یاساکانی فەلسەفەو خوداییو بانگەشەکانی دەروونناسیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بنچینەو بنەمای تەواوی بابەتەکانی ئەو تێروانیە بوو کەفەیلەسوفو زاناو دەروونناسەکان لەهەموو کاتەکاندا لێیان وەرگرتووە.

بەشێک لەفەلسەفە، یان بەوتەی هەندێک لەنافەیلەسوفەکان، کەکیرکەگۆر بنیادنەری بوو، ناونرا «ئەگزیستانسیالیزم» بێگومان کاتێکی زەمەنی بەسەرداچوو، هەتاوەکو نوسینگە، یاخود چوارچێوەی ئەگزیستانسیالیزم بچەسپێت، هەندێک لەفەیلەسوفەکان وەکو نیچە، هوسرل و هایدگر» لەڕوانگەی رابەرانی ئەگزیستانسیالیزمەوە» بێئەوەی کەخۆیان بزانن، ئەگزیستانسیالیزمێک بوون، هایدگر ئەو واتایەی لەسەرخۆی رەتکردەوە، نیچەش پێش ئەوەی کەس ئەوەی پێبڵێت، مرد، کەسەدەیەک پاش مردنی کیرکەگۆر بوو، بەڵام بەدەرکەوتنی ژان پۆل سارتەر لەفەرەنسا دوای جەنگی جیهانی دووەم، پێگەی ئەگزیستانسیالیزم بوون، بەتەواوی وبەڕەسمی ناسراو جێگەو پێگەی خۆی گرت.

روناکبیرانی پاریس لەدوای شەڕەوە، بەنائومێدیەکی خراپو قوڵدا رۆچون، بەشێوازێک لای ئەوان شتێک نەمابوو جێگەی بڕوا پێکردن بێت، سوریالیزم کەشێوەیەکی سەیرو سەمەرەو نەناسراوی هەبوو، بەم هۆیەوە ماوەیەک بۆ خۆی متمانەی بەدەستهێنا، لەگەڵ ئەوەی ئێستا بەروانینێکی گاڵتەپێکراو سەیردەکرێت، لەگەڵ گەیشتنە دەسەڵاتی ستالین، رۆشنبیرەکانی فەرەنسا، بڕواپێکردن بە کۆمۆنیزمیان بەسەخت دەزانی (هەرچەندە کەلەو رێگەیەوە تێدەکۆشان) هەرلەو هەلومەرجەدا بوو، کەسەردەمی ئەگزیستانسیالیزم دەستپێکرد، لەگەڵ ئەوەشدا

لەبنچینەدا کەسێک ناچار نەکرابوو باوەڕ بەمە بکاٹ، هەتا زیاتر لەوەش دەیوٹ کە»نائومێدی» بەشێکە لە «پێگەی مرۆیی».

بەم شێوەیە قوتابخانەی ئەگزیستانسیالیزم، لەگەڵ هاتنە دەرەوەی لەکافتریاکانی پاریس، دنیای داگرٹو گەیشتە کافتریاکانی کرینویچو یلجو لەندەنو دانیشتەکانی گەنجانی رەخنەگرو یاخیبوونی سانفرانسیسکۆ، لەکۆتاییدا بووبە جێگای سەرنجی ناو زانکۆکانی هەردوو ئوقیانووسی ئەتڵەسیو، بوو بە فەلسەفەی کافترییو زانکۆیی.

جگەلەمەش باسە زۆر قوڵەکانی رووناکبیرەکانیش لەو رووەوە بوو، کەئەگزیستانسیالیزم توانی لەیەککاتدا هونەرمەندەکان، نووسەرەکان، فەیلەسوفەکانو شەقاوەکانیش لەخۆ بگرێ، کەهەموویان لەپێشکەوتنیدا روڵیان هەبوو، بەوشێوەیە قوتابخانەی ئەگزیستانسیالیزم، بوو بەپێشەنگی فکریو روانینی کرداری، وپێکهاتەگەراییو پاش پێکهاتەی گەرایی، کەلەدەیەکانی دواتری ئەو سەدەیە، رەواجی پەیداکرد.

ناوەڕۆکی فەلسەفی قوتابخانەی ئەگزیستانسیالیزم، کەهەمان مەسەلەو بابەتی بوونە، بەگشتی بەدەسنکەوتی سـەدەی بیستەم لەقەڵەمدەدرێٹ، سەدەیەک کەبەلەخۆ بێگانە بوون، نیگەرانیو شکانو بێمتمانەبوونی کەلتور دەستنیشاندەکرێٹ، لەگەڵ ئەمانەشدا هەموو ئەوانە راستەوخۆ لەکیرکەگۆرەوە سەرچاوە دەگرێٹ، کەنزیکەی سەد ساڵ پێش سارتەر لەدایکبووە.

هەرچەندە کیرکەگۆر بێشک بیرکردنەوەی زۆر لەپێش سەردەمەکەی خۆیەوە بوو، بەڵام سەرەتایی دەستپێکردنی کارەکانی، بەیەکێک لەکۆنترین پرسیارەکانی فەلسەفی دانا، بەوەی کە (بوون) چییە، ئەو پرسیارەی، جگەلە فەیلەسوفەکان خەڵکی تریش دەیکرد، بەڵام فەیلەسوفەکان پرسیاری ئەمانەیان بەنابەجێو گاڵتەجار دەزانی، یان ئەوەیان لەناو فەلسەفەی خۆیاندا، کە چارەسەرکراوبوو خستبووەروو، بۆیە باسکردنیان بەپێویسٹ نەدەزانی، لەنێروانینی کیرکەگۆرا، نەک تەنیا هەر کەسێک دەبێٹ ئەو پرسیارە بکاٹ، بەڵکو پێویستە کەژیانی خۆی لەوەڵامێکی زهنی (سوبژ کتیو) بۆ ئەو پرسیارە بخاتەڕوو، هەر ئەو پێداگیریەی لەسەر سوبژکیتو، ببێتە گرنترین بەشداری لەفەلسەفەدا.

مەسەلەی بوون لەبیری زۆرێـک لەفەیلەسوفەکانی پێشوو، لایەنێکی سەرەکی هەیە، لەراستیدا پێش ئەوەی سوقراتو ئەفلاتون، رەگەزو مادەی عەقڵیەت، بخەنە ناو فەلسەفەوە، فەلسەفە لەگەڵ مەسەلەی بوون کەوتبوونە جەنجاڵیەوە، ئەو پرسیارەی کەواتای زیندووبوون چییەو بوون بەچ واتایەکە، زۆرێک لەوانی خستبووە سەرلێشێوانێکەوە، هەرچەندە لەم رۆژانەدا زۆرێک لەفەلسەفیەکان، بەوتنی ئەوەی، کە وەها پرسیارێک بێواتایەو، بەئاسانی لێیەوە ئێدەپەڕن، بەڵام بۆ شتە بووە لەناوچوە قبوڵکراوەکان زۆر لەسەر باسکردنیان بەردەوامین، هەتا هەندێک لەوانە، چاوەڕوانی وەڵامدانەوەن لەلایەن فەلسەفەوە، هەندێک لەفەیلەسوفەکانی پێش سوقرات، بێئاگان لەوەی کەئاڵۆزی فکریو فەلسەفی لەداهاتوودا، بەڵام بەراستی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەیان، کردبووە هیمەتی کاری خۆیان، پارمەنیدس کەلەسەدەی پێنجەمی پێش زائینی لەیەکێک لەئۆردوگانشینەکانی باشووری ئیتاڵیا بەناوی «ئێلا ئا» دەژیا، لەو بڕوایەدا بوو کە (بوون) رەگەزێکی تاکو نەگۆڕە لەهەموو بوونێکدا، بەواتایەکی تر لەتێڕوانینی ئەودا (هەموو شتێک وەکو یەکە) شت گەلێکی وەکو زۆربوون، کە شتێک نەبوو جگە لەگۆڕانکاری و جوڵە نواندنێکی روخساری، فەیلەسوفەکانی تری یۆنانی، پێش سوقرات دەستیانکرد بەپرسیار، لەسەرجیاوازی بوونی شتی (واقیعی) لەگەڵ بوونی چەمکی داماڵڕاو و شتە خەیاڵیەکان، بەوەی چ چۆنیەتیەک، بوونی ئێمە، یان بوونی خەونەکان، یان تێگەیشتنی فکری وەکو بیرکاری چالاکدەکات؟ ئەی لەبنەڕەتدا (هەبوون) واتای چییە؟

دواتر سەرەی ئەفلاتونو سوقرات هات، ئەو وتەیەی کە (خۆت بناسە) لەبری ئەوەی کە چەمکی (خۆت) چییە، بوویە بابەتی رۆژو مەسەلەی بوون لەناو فەلسەفە نادیارمایەوە، بەهۆی ئەمەوە ئەو باسە سەرەکیە، هەر وا بەسادەیی کەوتە بێمتمانەیی، تا ئەو جێگایەی کەپەیوەست بوو بەئەفلاتوونەوە، بوون بەشێوە سادەییەکەی فەرمانێکی هەبوو، بەڵام بەشێوەی گریمانەیی لەقەڵەمدەدرا، و لەبارەی سروشتو ماهیەتیەوە پرسیار نەدەکرا.

ئەتوانین بڵێین ئەفلاتون بەتواناترینو قوڵترین فکری فەلسەفی، تەواوی سەردەمەکان بووە، چونکە توانی بەئاسانی گرنگترین پرسیاری فەلسەفی تێپەڕێنێت

(هەروەکو ئەنیشتاین نیشانیدا، کەچۆن نیوتن بەتواناترینو قوڵترین بیری زانستی هەموو سەردەمەکان بوو، دونیای فیزیاییەکەی لەسەر بنەمای گریمانەیەکی ناڕاستی ستونی بنیادی نابوو، لەگەڵ ئەوەشداو لەگەڵ مەیلی بەردەوامی سەردەمدا، شتێک هەر بەناوی پێشکەوتنی بنچینەییەوە بوونی هەیە، لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆ لەهەموو شوێنەکان، زۆر زیاتر لەپێشینەکانمان دەزانین، بەڵام لەپاش زانینی (بوون) بەشێوەیەک کەکیرکەگۆر قەسەی لێدەکات، زانیاریمان هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە نەبینیوە، ئەتوانین بڵێین تا ئەو جێگایەی پەیوەستە بەزانینی (بوونی سوبژکتیۆ) شتێک بەمەبەستی پێشکەوتن نابینرێت، ئێمە هەموومان لەهەمان مەوقیعیەتی رەنجدا ئازار دەچێژین، لەکاتێکدا پێشینان لەگەڵی رووبەڕووبوونەوە، واتە (مەوقیعبەتی مرۆیی).

لەدوایی ئەفلاتونیش فەیلەسوفەکانی تر بەلەبەرچاونەگرتنی ئەم ئاستی مرۆییە، بەردەوام بوون. بوونی سوبژکیتۆ، هەر ئەو شتەی کەبەشێکی هاوبەشی بێگومانی هەموو مرۆڤەکانە، بووە هۆی بێئینتیمایی فەیلەسوفە خۆش باوەڕەکان، دەسەڵاتداریەتی بێ بەرەنگاری فکری ئەفلاتونو شاگردەکەی ئەرستۆ لەسەر فەلسەفە، نزیکەی (٢٠٠٠) ساڵ بەردەوامبوو، تەنیا لەسەدەی حەڤدەیەمی زایینیدا بوو، کەفەلسەفە گەڕایەوە بۆ باسی ئەسڵیو بنەڕەتی کەخاڵی دەستپێکردنی فکرەی فەلسەفەبوو، بەوەی گەڕایەوە بۆ ئەو پرسیارەی کە( من کێم؟) و کاتێک ئەڵێم (من بوونم هەیە) مەبەستمان چییە، دیکارت ، فەیلەسوفی فەرەنسایی رایگەیاند «من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم» لەتێڕوانینی ئەودا، هەموو شتێک لەمێشکو جیهانیدا شیاوی شکو گومانەو رەنگە بەشێوەیەک ببێتە خەونێکی هەڵخەڵەتێنەرو بەتاڵ، جگەلەوەی کە(من) لەسەر هەموو ئەوانەوە بیردەکەمەوە، ئێستا ئەتوانین ئەو کردارە ببینین، کەئەو باسە بنچینەییە، بەردی بناغەی پرسیاری بێ چەندو چونی هەموو فەلسەفەیە، دەتوانێت لەسەری بوەستێت، وجارێکی تر خۆی دەربخات (منێکی سوبژکیتۆ)، بەڵام دەتوانین لەو کردارەی دیکارییشدا، هۆی کاریگەری رووناکبیری لەسەرئەمانە ببینن، لەبەرئەوەی کەئەو (من)ە تەنیا کاتێک هەیە، کەبیردەکەینەوە، هەستەکانو دەرکپێکردن هەموو ئەوانە دەکەونە هەڵەو لادانەوە، منێکی سوبژکیتۆ، تەنیا دەتوانێتو جود بوونی

خۆی دڵنیابێـت، نەک شتێکی تر، ئەو (من)ە روتو بێ بەرگریە، لەمەترسی هۆکاری فریوودانو لادانو هەڵەدایە.

لەکۆتاییدا ئیمانۆێل کانتی ئەڵمانی توانی بۆ ئەو بوونە بێ چارەو بێ بەرگریە، سەرپەناو پەناگایەکی شایستە بدۆزێتەوە، کانت کۆشکێکی گەورەی، لەیاسایەکی فەلسەفەی جیهانی، لەسەر بناغەی عەقلیەت دروستکرد، کە ببێتەماڵ و سەرپەنایەکی رازاوە بۆ ئەو (منێکی سوبژکتیۆ)یە، لەدوای کانت، هیگڵ دەزگایەکی فەلسەفی گەورەتری دەستپێکرد، کەلەسەر بنەمای ئەو بیروڕایە وەستابوو کە (هەر شتێک لەعاقڵا بێت راستیەو هەرشتێک راستی بێت عەقڵیەتە).

لەگەڵ هەموو ئەوانشدا کانتو هیگڵیش لەو هەوڵە زۆرانەیاندا، پرسیاری سەرەکیان دووبارە نەکردبوو، فەلسەفەی هیچ یەکێکیان، وەڵامێکی قەناعەتپێکراویان نەدایەوە، کە(بوون چییە) لەگەڵ ئەوەی لەبنچینەدا دەزگایەکی بیری، پێشبینی عەقڵەیتی بوونی جیهانی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، لەم جۆرە دەستگایەدا، وەڵامەکانی عەقڵ، بەپێی پرسیارە عەقڵیەکانە (منی سوبژکتیۆ) دێنە ریزی عەقڵیەوەو لەم روانگەوە، بەتەواوی بەشێک نییە لەجیهان، کیرکەگۆر ئەوەی بەهەل زانی، ئەو پرسیارەی کە (بوون) ناتوانێ وەڵامیبداتەوە و لەگەڵ دروستکردنی ئەو یاسایانەی، کەهەموو شتێک ئاشکرادەکات یاخود، ئەو پرسیارانەی وەکو (بوون چییە)کە بنچینەی قسەو باسی قوڵتری هەیە... واتا بوون چییە....؟ لەپێناو وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەدا، کریکەگۆر هاتە مەیدانەوە.

**ژیانو بەرهەمەکانی کیرکەگۆر**

سۆرن کیرکەگۆر لەڕۆژی پێنجەمی مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٨١٣) لەکۆپنهاگن لەدایکبووە، ئەو ساڵەی کەئۆپرانوسی گەورەی ئەڵمانی، ریچارد واگنێریش لەدایکبوو، ئەو دوو کەسایەتیە، دەرکەوتەی سەدەی نۆزدەیەمو دوو کەسایەتی لوتکەی زۆر جیاوازی ئەو سەدەیە بوون، بەشێوەیەک کەکیرکەگۆر ببێتە ئەو شتەی کە واگنەر نەیتوانی ببێت، بەپێچەوانەشەوە راستە. لەراستیدا تەنیا سیمای هاوبەشی ئەو دوو کەسایەتیە دەرکـەوتو بەگشتیش هەموو هەڵکەوتووەکانی ئەو سەدەیە، رێچکەیەکی شێتیان هەبوو، هەرچەندە کە جنونی

کیرکەگۆر، لەکەسایەتیدا لایەنێکی سەرەکی نەبوو، بەڵام جێپێکەی دەتوانین لەهەندێک لەکردارەکانی نائاسایی ژیانیدا، ببینین.

کیرکەگۆر لەهەموو ژیانیدا لەخۆرافیاتدا ژیاو هەندێک لەو کاریگەرییەی کەلەژیانیدا وەریگرت، حاڵەتی خورافاتی تێدا دروستکرد، بێگومان گرنگترین هۆکاری کاریگەری بەجێهێشتن لەسەر ژیانی کیرکەگۆر، باوکی بوو، بەشێوەیەک، چونکە کاریگەری جنونی لەودا زیاتربوو، وەک لەکوڕەکەی.

باوکی کیریکەگۆر کاریگەرێکی زۆری لەسەر ژیانی هەبوو، ئەتوانین بڵێین کەهەموو ئەو شنانەی کەکیرکەگۆر دواتر دووچـاری بوو، یان دەرئەنجامی راستەوخۆی کاریگەری دەستەبەسەراگرتن، یان پەرچە کرداری ئەوبوو لەسەر ئەم کاریگەرەیە، لەڕاستیدا پەیوەندییان ئەوەندە ئاسایی نەبوو، باوکی کیرکەگۆر لەلادێیەکی باکووری دانیمارک، بەجوتیارو وابەستە بەزەوی لەدایکبوو بوو، بنەماڵەکەی محافزەکاربوون، واتە پەیوەستبوون بەبنەماڵەیەکی قەشەی فیوداڵەوەو لەزەمینەکانی ئەودا کاریاندەکرد، ئەمەش بووە هۆی سیمای شوناسی کیرکەگۆر، کەبەزمانی دانیمارکی، بەواتای سنووری کڵێسایە، باوکی کیرکەگۆر لەدەساڵیەوە شوانی مەڕەکانی ئاغاکەی بووە، لەکەشوهەوای خۆشو ناخۆشدا، بە وتەی یەکێک لەکوڕەکانی، هەموو کاتێک بەهۆی برسێتیو سەرماوە، ئازاری چێشتووە، یان بۆ خۆی، یان مەڕەکانی لەژێر تیشکی خۆر پەرتەوازەبوونو ژیانێکی پڕ ئازاری هەبووە، هەرچەندە کەپیاوێکی مەزهەبیو ئایینی بوو، بەڵام نەیدەزانی چۆن خودا ئەوی خستووەتە ناو ئەو ژیانە سەختو ناخۆشەوە، هەتا ئەو کاتەی کەرۆژێک لەئەوپەڕی نائومێدیدا، لەوشکانیەکی نزیک گردێک، کەوتە سکاڵاکردنێکی توند لەخودا، ئیدی لەو کاتەوە ژیانی بە تەواوی گۆڕا.

بەوەی یەکێک لەخزمەکانی کەلەکۆپنهاگن بازرگانی خوری بوو، بۆیە بۆ کارو یارمەتی بردیە لای خۆی، ئەو لە کارکردنو فرۆشتنی باڵا پۆشیو گۆرەویە خوریەکان، بەدیهاتیەکان، ئامادە باشیو لێوەشاوەیی هەبوو، بۆیە تواناو جدیەتی زۆری نیشانداو بەشێوەیەک لەماوەیەکی کەمدا، پارەیەکی باشی کۆکردەوە، بەهۆی ئەمەشەوە هاوسەرگیریکردو خێزانی پێکهێنا.

کاتێکیش خاوەنی ئیشەکەی مرد، بازرگانێکی باشی بۆ ئەو بەجێهیشت،

بۆیە لەگەڵ پێشکەوتنی بازرگانیشدا، بوو بە یەکێک لەگەورەترین بازرگانەکانی کۆپنهاگن، ئەو شوانە برسیەی، کەگلەیی لەخودا دەکرد، هەندێک کات سەرمێزی نانخواردنەکەی، لەخواردنی شاهانە دەچوو، لەکاتی هێرشی تۆبخانەکانی هێزی بەریتانیا بۆ کۆپنهاگن لەساڵی (١٨٠٣)، کەبەشێکی زۆر لەشارەکە وێرانبوو، هیچ یەکێک لەخانووەکانی ئەو بەرنەکەوتن‌و دەساڵ دوای ئەوەش، هەر یەکێک بوو لەو بازرگانە دەگمەنانەی، کەدانیمارکی لەو قەیرانە ئابووریە رزگارکردو، توانی بەساغی بێتەدەرەوە، چونکە زیاتر پارەکەی لەکڕینی سەنەدی قەرزی حکومەت، سەرمایەگوزاریی پێکردبوو، لەو کاتەی کەزمانی لەبەرامبەر خودادا کراوبووەو، واتە کفری بەڕووی خودادا دەکرد، لەگەڵ ئەو هەموو سەرکەوتنانەیدا، لەناخەوە هەستیدەکرد کەبەنەعلەتکراوە، چونکە خێزانی یەکەمی مردو کارەکەری ماڵەکەی هێنایەوە، کەئەویش دوای ماوەیەک مرد. لەحەوت منداڵەکەی تەنیا دوونیان مانەوە.

کیرکەگۆر بچووکترین منداڵی بوو، کاتێک باوکی (٥٦) ساڵەبوو لەدایکبوو، لەسەردەمی منالّیدا، بنەماڵەکەی شایەتی مردنە یەک لەدوایەکەکان بوون، باوکی لەکەسێکی وەسواسی ئاینینەوە، گۆڕا بۆ کەسێکی ناڕەحەت‌و گرژ، لەدوای خانەنشینکرانی لەبازرگانییەکەی، خۆ دورخستنەوەی لەگەڵ خەڵک، وتەنیایی‌و سوچی ژوورێکی تاریکی بۆ ژیانی خۆی هەڵبژاردبوو، دەرکەوتنی تواناکانی سورەن لەکاتێکی زوودا، بووە جێگای تێڕوانینی، بەشێوەیەک بووە خۆشەویسترین منالّی باوکی، لەهەر خێزانێکی تر دا بوایە، دەبووە مایەی ئیرەیی، بەڵام لەخانەوادەو لەبنەماڵەی ئەواندا، بەشێوەیەکی تر بوو، لەتەمەنی حەوت سالّیدا، باوکی سورن بەشێوازی خۆی، وانەی لوژێکی پێدەوتەوە، کیرکەگۆری گەنج ناچاربوو، لەپێناو وتەکانی خۆی کەلەسەر بنەمای لۆژیک بوون، بەرگری بکات، بۆیە رووبەڕووی ئیرادەگەری باوکی بووبوویەوە کەلەسەر بنەمای لۆژێک بوو.

بۆ سورن کاتەکانی پشوو لەنێوان وانەکاندا، کاتی گۆڕانی خەیاڵ بوو بۆ وڵاتەکانی تر، ئەویش لەسەر زانیاری‌و زانستەکانی باوکی، بەو شێوەیەی کەسورەن بەباشی گوێدەگرت بۆ باسکردنەکانی باوکی لەفەرهەنگ‌و بیناسازی شارەکانی وەکو درسدن، پاریس، یافلۆرانس لەکاتێکدا دەبوو دوای باوکی، بەتەواوی هەموو

ئەو شتانەی کەبیستوویەتی، بەهەموو تێبینیەکانەوە بۆیبڵێتەوە.

لەکۆتاییدا هەر بەهۆی ئەو داواکارییە فیکرییەوە بوو، کەکیرکەگۆری گەنجو بیرتیژ، توانی بیری لۆژێکی بەرجەستەو خیاڵاویو بێهاوتا لێکبداتەوە، بەڵام باوکی زۆربەی ئەو شوێنانەی کەبۆ کوڕەکەی باسدەکرد نەیبینیبوون، بەڵکو تەنها سەرەنجدانو خوێندنەوەی بۆ کردبوون، دواتر کیرکەگۆر لەگەڵ ئەوەی هیچ کات ئەو شوێنانەی نەیبینیبوون(بەتایبەت شوێنەکانی کتێبی پیرۆزو ئاستەکانی دەروونناسی)، بەڵام بەهۆی  تواناو بەهرەیەوە باسیبکات، لەهەندێک لەکتێبەکانیدا ئەوەی خستەڕوو، کەئەم بەهرەیەی لەسەفەرە خیاڵاویەکانی، لەگەڵ ڕێنمایەکانی باوکیدا بەدەستهێناوە. هەندێک کاتیش باوکی دەیەویست ئەو تێڕوانینە بچووک بینیەی خۆی، سەبارەت بەجیهان، بخاتە مێشکی کوڕەکەیەوە، هەرچەندە ئەوە روانینو  شێوەیەکی باوە، کە هەندێک لەباوکەکان کوڕەکانیان بخەنە سەر ڕێگەیەک، کە خۆیان پێیگەیشتوون (یان پێینەگەیشتوون)، بەڵام باوکی کیرکەگۆر ئەو بۆچوونەی نەبوو، هەستیدەکرد کەبەلایەکدا دەڕوات، ئیتر  هیچ ئامانجێکی نەبوو وخۆی  بەناپەسەندو دووربـوو  دەبینی، بۆیە دەکەوتە  نائومێدیەکی تەواوی سەرقاڵی بیریەوە، هەر بەهۆی ئەو نائومێدیەوە بوو کەخود ئاگا، یان ناخود ئاگای، دەیگەیاندە کوڕەکەی، لەیەکێک لەنووسینەکانی دوارۆژی کۆتایی کیرکەگۆر، چیرۆکی پیاوێک باسدەکات، کەرۆژێک بەکوڕەکەی وتبوو: «کوڕە بێچارەکەم، تۆ لەچ نائومێدیەکی خامۆشو تاریکدا ژیان بەسەردەبەی». لەوانەیە هەر ئەم رەستەیە بێت، کەرۆژێک لەباوکی خۆی بیستبێت.

جێگەی سەرسوڕمان نییە، کەکیرکەگۆر لەخوێندنگەدا، قوتابیەکی عەجیبو غەریب بێت، شێوەی جلو بەرگی لەبەرکردنو قسەکردنی لەگەڵ تەمەنیدا نەدەگونجا، مامۆستاکانی ئەویان بەپیرەمێردێکی بچووک دانابوو، کیرکەگۆر لەقوتابخانەدا قوتابیەکی زۆر زیرەک نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەتەواوی دیاربوو، کەلەلایەنی بیریەوە لەگەڵ هاوپۆلیەکانیدا، جیاوازییەکی بەرچاوی هەبوو، باوکی پێیوتبوو کەنابێت ئیشێک بکەیت، بۆئەوەی هۆشو تواناکانی سەرقاڵبکات، واتە بۆ ئەوەی دەربکەوێتو نابێت لەناو تەلەبەکاندا لەسێیەم زیاتربێت، سورەنی گەنج داواکارییەکانی باوکی جێبەجێدەکرد (بەڵام ئەم ئیشە پێویستی بەتوانایەکی زیاتر

هەبوو، ناتوانی پێش بەدەرکەوتنی گەنجێتی بگرێ).

ورده ورده کەتەمەنی کیرکەگۆری گەنج زیاتر دەبوو، دەردەکەوت کەدۆزی ئەو لەڕووی شێوەیو هەڵسوکەوتەوە لەپیرەمێردێک قوڵترە، بەوەی جەستەو هەیکەلێکی وشکو لاوازی هەبوو، بەروخساری لەنەخۆشێکی درێژخایەنی فەقەراتی ئازارچێژ دەچوو، کەببووە هۆی چەمانەوەیەکی کەمی پشتی. لەناو هاوڕێکانیدا ئەندامی هیچ گروپو تاقمێک نەبوو، بۆیە عەزیەتو ئازارێکی زۆریاندەدا، کیرکەگۆری گەنج، زوو تێگەیشت کەدەبێ لەبەرامبەر ئەواندا، بەزمانی خوازراو، بەرگری لەخۆی بکات، بۆیە ئەو بەرگریکردنە، دەبووە هۆی بێزارکردنی ئەوانەی بێتاقەتیان دەکرد، ئەم هەڵسوکەوتە تایبەتەش، بڕیاڕ بوو لەتەواوی ژیانیدا بەکاریبهێنێت.

کیرکەگۆریش وەکو هەر کەسێکی خاوەن دەروون قوڵ، حەزیدەکرد کەلەناو خەڵکدا، سەرەنجیان بۆ لای خۆی رابکێشێت، هەروەها سەرەنجی باوکی بۆ لای خۆی راکێشابوو، دەوڵەمەندی ژیانی هەم گەواهی ئەم راستیەبوو، کەبایەخی بەخودی خۆشی دەدا، لەگەڵ جوڵاندنی کەسانی تر، حەتتا ئەگەر ئازاریشی بدایە، ئەم دوانە لەلای یەکیانگرتبوو، بەشێوەیەک کەجیهان لەدەوری بوونی ئەودا دەسوڕێنەوە، ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە، کاریگەریەکی گرنگی لەدروستکردنی دەرونی کیرکەگۆرا هەبوو.

کیرکەگۆر دوای تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی، لەیەکێک لەزانکۆکانی کۆپنهاگن، ناوی خۆی لەبەشی ئیلاهیات نووسی، لەو کاتەدا خوێندکارێکی ئاسایی بوو، هەرچەندە لەناو زانکۆدا، بەهۆی ئەوەی کەزانیاری زۆرو زمانێکی توانج ئامێزی هەبوو، کەسێکی دیاربوو، پاش ماوەیەک لەچوونە بەشی ئیلاهیاتەوە، تێگەیشت لەبری ئیلاهیات، تێگەیشتنی فەلسەفی هەیە، بۆیە هەر ئەو کاتە، شەیدای فەلسەفەی هیگڵ بوو، کەلەو سەردەمەدا وەکو نەخۆشیە درمیەکان، نەتەنیا هەموو ئەڵمانی تێوەگلابوو، بەڵکو هەتا لەکۆمەڵگاکانی کەم فەلسەفی ئەوروپاش، هەموویانی گرتبووەوە، لەراستیدا هەر ئەو خەسڵەتە قوڵ و زۆر جدیەی فەلسەفەی هیگڵو، تێڕوانینە مەعنەویەکانی بـوون، کە بۆ هەموو بوونێک، دڵی کیرکەگۆری رفاندبوو، لەروانگەی دەزگای فەلسەفی بەجیهانیبوونی

هیگڵەوە، هەموو بوون، یان ژیانێک دەرهاویشنەی دیالێکنیکیەوە تەواو بەدەست دێنێت، (تێز) سەرەتایی بوون (دژە تێز)یش دەبێتە خود، لە پەرچەکرداری ئەو دووەش(سەنتێز) دروستدەبێت، نموونەی کلاسیکی هیگڵ لەو بوارەدا بەمشێوەیە بوو: (بوون) تێزە، (نەبوون) دژە تێزەو (هەبوون) سەنتێزی هەردووکیان بوو، بەهۆی ئەو هاوکێشە دیالێکتیکیەوە بوو، کەلەڕوانگەی هیگڵەوە، هەموو شتێک لەڕێگەی تەواوکاریەوە بۆ لایەنی خود ئاگایی، هەرچی زۆرتر لەکۆتاییدا بەرەو (رۆحی رەها) دەڕوات، رۆحی رەها چونکە لەخۆیدا بەدیدەکرا، هەڵگری هەموو شتێک بوو، لەڕوانگەی هیگڵەوە هەموو سیمای بوونێک، لەراستیدا بەشێکە لەهەمان روحی رەها، لەڕوانگەی سیماو دەرکەوتنی خۆیەوە، ئەو روحە رەهایەی بەجیهانیبوونەش، حەتتا ئاینیش لەخۆیدەگرێت، کەلە روانگەی هیگڵەوە پلەی یەکەمی فەلسەفەی کۆتایی (واتە فەلسەفەی هیگڵ) بوو، جازییەتێک کە وەها فەلسەفەیەک دەتوانێت بۆ کیرکەگۆر لەیەکچوونێکی هەبێت، بەتایبەت لەگەڵ سەرەنجدانو گرنگیدان بەلایەنەکانی ئۆدیبی، ئایینی، وابەستە بەخۆبوونی ئەودا دیارە.

هەرچەندە کیرکەگۆر وەک یەکێک لەلایەنگرانی سەرسەختی هیگڵ دەرکەوت، بەڵام پەیوەستبوون پێوەی، لەگەڵ هەمان سەرەتای دیالێکتیدا بوو، لەم پەیوەندیەدا رقێکیشی لێی هەبوو، لەکۆتایدا وایلێهات، کەفەلسەفەی دژە هیگڵی خودی ئەوی، تێکەڵبوو بەچەمکی هیگڵی، بەتایبەت بەرهەمی تایبەتی هیگڵ کەلەدیالێکتیکدابوو، بەڵام لەهەمووی گرنگتر، کیرکەگۆر لەسەرەتاوە لەسەر (رۆحی رەها)و بەئاگابوونی ئەو شکی هەبوو، لەڕوانگەی کیرکەگۆرەوە(بەئاگابوون) لەئاستی سوبژکتیڤدایە، کەئەبێتە حەقیقەتو بەدەست دێت، کیرکەگۆر جەختی لەسەر ئەوە دەکرد ، ئەو ئاستە سوبژکتیوە، تاکەکانی مرۆیی تێگەیشتنە، کەگرنگترە لە(روحی رەها) لەڕوانگەی هەندێک لەلێکلۆڵەرەوەکانەوە ئەم دژایەتیەی کیرکەگۆر لە (روحی رەها)ی هیگڵی، دەتوانین دەنگو پەرچەکرداری ناخود ئاگای لەمپەرەکانی ئەو، لەگەڵ سایەی باوکی لەسەر ژیانی ببینین، چونکە لەبەرامبەر (گیانی رەها)ی باوکیدا جۆرە رەگەزێکی سوبژکتیڤی باش بەرجەستەکردبوو.

هەر لەو سەردەمەدا بوو کەپەیوەندی کیرکەگۆر لەگەڵ باوکی، بووە

مایەی گۆڕانکاریە قوڵەکان، لەوە دەچێت باوکی هەندێک لەدانپێدانەکانی پێوتبێت کەچۆن رۆژگارێک لە(جوتلەند) لەسەر گردێک لەگەڵ خودادا کفری کردوە، دەوترێت کەلەگەڵ زانینی کیرکەگۆر بەم حاڵەتە، تووشی شۆکێکی توندو ماوەیەکی کاتیش تووشی پەرێشانحاڵیو مەیخواردنەوەی کردبوو لەزانکۆ، هەندێک باوەڕیانوایە کەئەم حاڵەتەی، هۆکارێکی قوڵتری هەبووە، لەوانەیە لەو قۆناغەی ژیانیدا، بەدوای بیانوویەکی باشدا بگەڕایە بۆئەوەی لەژێر دەستی باوکیدا بێتە دەرەوە، لەلایەکی تریشەوە دەزانین کەئەو دانپێدانانە، ئەوە ناگەیەنێ کەقسەی تری بەرامبەر بەخودا نەکردبێت، بەڵکو رەنگە کاریگەری ئەوە بووبێت، کەکاتێک دایکی کیرکەگۆر لەجێگەدابووە لەسەردەمی مەرگدا، پەیوەندی لەگەڵ یەکێک لەخزمەتکارەکانیدا هەبووە، بەوەی ئەم خزمەتکارە دەبێتە دایکی، لەو بارەیەوە شتێکی بۆ باسکردبێت، زیاتر لەوەش لەڕوانگەی رۆناڵد کریسلیەوە، بەپێی هەندێک لەنووسینەکانی کیرکەگۆرەوە، سەبارەت بەتووشبوونی باوکی (بەسیفلیس) هەندێک شتی دەزانـی، نەخۆشییەک کەرەنگە بۆ کوڕەکەشی گواستبێتەوە.

ململانێیەک کەکیرکەگۆری خستەسەر رێگەی خراپی رەوشتی، وەک کارەکانی مەیخواردنەوەو جگەرکێشان بوو لەسەرشەقامەکان، هەتا جارێکیان چوو بۆ (ئیاترۆخانە) ئەمەش وەک یەکەمین ئەزموونی ناخۆشی ئەومایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدانی بۆ کۆششی ئاینی مەسیحی، لەسەر دابی مەعنەویدا مایەوە.

رەووربوونەوەی کیرکەگۆر لەگەڵ ئەزموونی رەگەزی، سەرکوتکردنێکی خراپی لەگەڵدابوو، لەشوێنێکدا دەنوسێت:(ئەو تایبەتمەندیە لەشیانەی کەدەبێ لەیەک مرۆڤی تەواو گشتیدا پێویستە هەبن، من لێی بێ بەشم)، لەشوێنێکی تردا قسەلەسەر برینی خواری ئێسکو نەبوونی جسمێکی رێکو روحی دەکات لەبارەی ئەو وردەکاریە تایبەتیانەوە، کەلەوانەیە تووشی بێتوانایی سێکیش بەتەواوی بووبێینەوە، دەتوانین تەنیا بەگومان ئەمانە بزانین.

هەموو ئەو سیفەتانە، ژیانو بەرهەمەکانی کیرکەگۆری کرد بەیەک (شتی تایبەت) ئەتوانین بڵێین هەر ئەو بەدبەختیو چارە رەشەی کیرکەگۆر بوو، کەبووە هۆی ئەوەی کەزیاتر «مرۆڤ» بێت هەموو ئەوانە لەگەڵ ئەوەی کەکەسێکی

گۆشەگیری لێدروسنکردبوو، بەرەو ژیانیش هانیدەدا، سەرئەنجام هەر ئەم ئازارو ژێردەستیانە بوون، کەکیرکەگۆری بەرەو بێهیوای و هەموو لایەنە قوڵەکان (پێگەی مرۆیی) برد.

لەبەهاری ساڵی (١٨٣٦) کیرکەگۆر تووشی قەیرانێکی نائومێدی بوو، هەستێکی سەرساماوی لەدەروونیدا بەسەریدا زاڵبوو بوو، کەبەتەواوی تووشی خۆپەرستی ببوو، لەهەندێک کاتیشدا، تووشی وەسوەسەی خۆکوشتن دەبووەوە، لە(١٩) مانگی ئایاری ساڵی (١٨٣٨) ئەزمونێکی گرنگی مەعنەوی بەسەریدا تێپەڕی، کەلەنووسینەکاندا ئەوەی بە (بوومەلەرزەی گەورە) ناوبراوە، لەمبارەوە دەنووسێت ((هەر تەنیا ئەمەیە، کەبەبیرکردنەوەی، هەست بەئارامیدەکەم، بەوەی باوکم ئیشێکی قورسی لەئەستۆدا بووە، کەئێمەی تێکەڵ بەئاین کردوە، و یارمەتیمان بدات کەتێبگەیین، هەتا ئەگەر، هەموو شتەکانمان دۆڕاندبێت، لەوەیە دەرگایەکی رووناکی بەرەو دنیایەکی باشترمان لێبکرێتەوە، ئێستا رێگەی گەڕانەوە بەرەو خوداو رێککەوتنی دەروونی لەگەڵ باوکی بەسەریدا کراوەتەوە، گۆڕانکارییەک کەزۆر لەجێی خۆیدا بوو، سێ مانگ دوای ئەوە باوکی مرد. بەوشێوەی کەئەو دەیبینێ، باوکی مردوەو تاوەکو ((ئەگەر گونجاوبێت بۆ خۆم ببم بەشتێک)). خەیاڵە بەتواناکانی کیرکەگۆر، زۆربەی کات دەبووە هۆی ئەوەی، کەکەسێکی ئەفسانەگەریو رێکەوتەیی بێت، کەکاریگەریەکی زۆری لەسەری هەبوون، بەشێوەیەک واتای بەژیانی دەبەخشی.

لەگەڵ مردنی باوکی، میراتێکی زۆر بۆ کیرکەگۆر مایەوە، کەزیاتر لەبیست هەزار کرۆن دەبوو، وای حسابکردبوو کەئەو بڕە پارەیە، بەشی دە تا بیست ساڵی تری دەکات، بەشێوەیەک کەبەیەک شەو بوو بەیەکێک لەدەوڵەمەنترین پیاوەکانی کۆپنهاگن، کیرکەگۆر پاش تێپەڕبوونی پێنج شەش ساڵ، بەسەر تاقیکردنەوەی کۆتایی زانکۆییدا، ئیدی تاقیکردنەوەی نەکردەوە، لەکاتێکدا ئەمە خواستی باوکی بوو، کە ئیلاهیات بخوێنێتو ببێت بەقەشە، بەشو کارێک کەبەزەحمەت خۆشی تێیدا دەبینی، بەڵام لەگەڵ ئەوەی هەموو شتێک گۆڕابوو، کیرکەگۆر پاش تێگەیشتنێکی نائاسایی‌و تایبەتی خۆی، بیریکردەوە کەهەرچەند ئێستا زۆری باوکی لەسەر نەماوەو لەلایەنی مادییەوە پێویستی بەئیشکردن نییە، بەڵام ئەو بەڵێنەی

بەباوکی دابوو، کەتاقیکردنەوەی کۆتایی زانکۆ بداتٔ، بەرێنەسەر.

کیرکەگۆر دوو ساڵ بەجدی دەستیدایە خوێندنو خوێندنەوە، لەهەمانکاتدا هەوڵی تەواوی دەدا، کەوەکو مەسیحێکی راستەقینە ژیان بگوزەرێنێتٔ، هەر لەو کاتەدا لەگەڵ کچێکی گەنج لەبنەماڵەیەکی ناسراو بەناوی (رجین ئولسەن) ئاشنابوو، سەرەڕای ئەوە کە رجین دەساڵ لەکیرکەگۆر گەنج تر بوو، ئەو یەکتر ناسینە بووە هۆی خۆشەویستیەکی قوڵی بۆ رجین، خۆشەویستی نێوان کیرکەگۆرو رجین، بەپێی کلتورو دابو نەریتی ئەو سەردەمە بوو، کتێبی بۆ رجین دەنارد، هەروەها کتێبی بۆ دەخوێندەوەو لەگەشتەکانی دوانیوەڕۆی رۆژی یەکشەممان دەستٔ لەناو دەستیدا هاوڕێیەتی دەکرد.

لەلایەکی تریشەوە ئەو پیاوە گەنجو دەوڵەمەندە، سیما درەوەشـاوەی کۆمەڵگەدا، چرچێکی خڕی سەرنجڕاکێش لەدەمو چاویدا هەبوو، کەبۆ رجین بووبووە مایەی سەرنج، ئەڵقەی خۆشەویستی کیرکەگۆر بۆ رجین زۆر قوڵبوو، بەڵام هەر بەمەعنەوی مایەوە، ئەو مانایە بۆ رجین، لەگەڵ ئەو مەزلۆمیەتەی کەهەیبوو، سەرسوڕهێنەر نەبوو، لەبەرئەوەی کەئەو جۆرە کردارانە لەو سەردەمەداو لەکۆمەڵگە دیارەکانی دانیمارک، شتێکی زۆر ئاسایی بوو، چونکە لایەنی جەستەییو پەیوەندی دارایی لەقۆناغی دواتردا بوو، بەڵام رجین لەگەڵ هەموو ئەو سادەییەی خۆی، زۆر تێگەیشتٔ کەشەیدای پیاوێک بووە، کەگەنجێکی ئاسایی نییە، کیرکەگۆر لەکتێبەکانی کەبەدیاری دەیدایە رجین، سەرنجی زۆری ئەدا، سەرەڕای ئەوە سوور بوو لەسەرئەوەی کەتوێژینەوەکانی لەگەڵ رجین باس بکاتٔ و لێکدانەوەی دروستی فێربکاتٔ، گوایە کیرکەگۆر ئەیویستٔ ئەو جۆرە دەسەڵاتەی کەباوکی بەسەریدا هەیبووە، بەوشێوەیە بەسەر ئەو کچە گەنجەدا هەبێتٔ، بەڵام بەو شێوەیە توندڕەویەی باوکی نەبوو، هیچ گومانی نەبوو لەوەی، کەرجینی زۆر خۆشدەوێتٔ، بەڵام دەڵێی شتێک لەگۆشەی دڵیدا دەڵێ، کەلەو پەیوەندییەدا کەموکوڕیەک هەیە، بەرێکەوتٔ لەکاتی خوێندنەوەی کتێبکدا دەوەستێتٔو چاوەکانی پڕدەبن لەفرمێسک، ئەو جۆرە حاڵەتانە لەکاتی ژەنینی پیانۆی رجینیشدا دەبینران، رجین لەدەفتەری یادەوەرییەکانیدا نووسیبووی (کیرکەگۆر تووشی هۆگریەکی ترسناک بووە)، راستییەک کەبەتێپەڕبوونی کاتٔ،

نالەباری تەندروستی ئەوی زیاتر پیشاندەدا.

دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوەی رجین وکیرکەگۆر، بەفەرمی بوونە دەزگیران، پاشان کیرکەگۆر خولێکی بوون بەقەشەیی دەستپێکرد، ئەوانە بناغەکانی ژیانێکی ئاسایی بوو، بەڵام کیرکەگۆر نەیدەتوانی ژیانێکی ئاسایی بەسەربەرێت، خۆشیئەوەی ئەزانێ، کەئەو جۆرە ژیانە لەلایەنی دەروونناسی، سۆزداریو معنویو جەستەیی مومکین نەبوو، لەگەڵ بوونی ئەو هەموو ناگونجاوییەشدا، رێککەوتبوو: کیرکەگۆر عاشق بووەو، رجین بۆ ئەو زۆر زیاتر بوو لەپارێزگارێکی مەعنەوی، کەلەڕوانینیدا چەسپابوو، لەو کاتانەدابوو کەکریکەگۆر هەستیکرد، کەبەرەو ژیانێکی بەرزتر لەژیانی ئاسایی دەڕوات، لەوکاتەدا بەڕاستی نەیدەزانی کەئەو ژیانە، بالآترە چییە؟ تەنیا دەیویست کەژیانی بۆ نووسین، فەلسەفە، خودا تەرخانبکات، لەپێناو گەیشتن بەم ژیانەش، پێویست بوو شتەکانی تری لەو رێگەیەدا بکاتە قوربانی.

دوو رۆژ دوای دەزگیرانداریێتی لەگەڵ رجین، کیرکەگۆر گەیشتە ئەو ئاکامە، کە هەڵەی کردوە، ئەو هەوڵیدا کەبەگونجاوترین رێگا ئەو دەزگیرانداریەتیە هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام بێگومان رجین بەهیچ شێوەیەک سەری لەو کێشەیە دەرنەدەکرد، سەرئەنجام کیرکەگۆر ئەڵقەی دەزگیرانێتی گەڕاندەوە بۆ رجین، بەڵام رجین دووبارە نەیزانی چی بووە، بەوشێوەیە رووداوێک لەژیانی کیرکەگۆر روویدا، و ئەمەش بووە هۆی سەرقاڵی بیری بەردەوام لەهەموو ژیانیدا، نەک هەر ئەمەش، ساڵەهای ساڵ کردارەکانی خۆی لێکدایەوە، ولەوبارەیەوە خەیاڵی دەکردەوە، بەوەی خۆی فریوداوە، بەراستییەکی غەمئامێزە هەڵسوکەوتەکانی خۆی لێکدەدایەوە، هەرچی زیاتر لەو رووەوە خەمی دەخوارد، بیری فراوانتر دەبوو، تا ئەوەی سزای هەڵبژێراو دەستیپێکرد، سەرئەنجام بووە ناونیشانی نوسێنێک :(سزای هەڵبژێراو)، دوو رێگا کەهەموو مرۆڤێک رووبەڕووی دەبێتەوە، پرسیاری تایبەتی کیرکەگۆر کە (دەبێ چی بکەم؟) بەوشێوەیەی (چۆن ئەبێ ژیان بەسەربەری؟) گشتگیرکرا، ئێستا کیرکەگۆر، لەپێناو سەرهەڵدانی فەلسەفەدا، دوو سەرچاوی لەبەردەستدایە، ئەزموونی باوکیو ئەزموونی رجین، لەبۆتەی ئەزموونی ئازار بەخش، رەواننەژدیو رارایی کیرکەگۆربوو، کەبێتواناییەکانی بەشێوەیەکی خودی (پێگەی مرۆیی) گۆڕانکاری بەسەردا هاتن.

کیرکەگۆر دوای هەڵوەشاندوەی دەزگیرانداریێتی لەگەڵ رجیندا، چوو بۆ بەرلین‌و ساڵێک لەوێ مایەوە، لەو ماوەیەی کەلەبەرلین مایەوە، لەوانەکانی فەیلەسوفی رۆمانتیک- ئایدۆلیستی ئەڵمانی شلینگ ئامادە دەبوو، شلینگ لەم دانیشتنانەیدا باسی رزگاربوونی خەیاڵی ئەڵمانی دەکرد، کەکاریگەری قورسی هیگڵ لەسەر لایەنی توانایی خود دورستکردبوو، ئەو باسە نەرم‌و خۆشانەی، کۆمەڵێکی زۆری لەبیرمەندانی ئەوروپی بەدەوری خۆیدا کۆکردبووەوە، لەباکونین، ئانارشیستی روسی تاکو بورکمارد مێژوونووسی ئەڵمانی، تاکو بەریتانیای دۆست، هاو بیرو هاوکاری نزیکی کارل مارکس. هەموو ئەو سێ زانا گەورانە، ئەیانویست وەکو کیرکەگۆر خۆیان لەکاریگەری گشتیگری خەیاڵەکانی هیگڵ دووربخەنەرە (هەرچەندە هەموو ئەوانە، لەژێر کاریگەری (خەیاڵی ئەودا مانەوە).

بەڵام کیرکەگۆر پێوانەی فەلسەفی شلێنگی قەبوڵ نەبوو، بەبڕوای ئەو «شلینگ» نوکتەیەکی سەرەکی لەبیرکردبوو، ئەویش ئەوەیە، کە سیستمی فەلسەفی هیگڵ (لەراستیدا هەموو نیزامە فەلسەفیەکان) ئێستا پەیوەستن بەرابردوەوەو، سیستمێک کەلەسەر بنەمای عەقڵ بنیادنرا بێت (کەهەموو رژێمەکان بەمشێوەیەن) تەنیا دەتوانێ رونکردنەوە لەلایەنی عەقڵنیەوە بداتو هیچی تر، کیرکەگۆر لەو راستیە تێگەیشتبوو، بەتەواوی تەجروبەی کردبوو، کەسوبژکتیۆ عەقڵنی نییە، لەکۆتایی ساڵی (١٨٤٢) کیرکەگۆر گەڕایەوە بۆ کۆپنهاگن‌و لەگەڵ خۆیدا، دەستنوێکی زۆری هێنابووە، بەناوی (یان ئەمە، یان ئەوە، بەشێک لەژیان) سیمای خودی ژیاننامە، بەئاشکرا لەم ناونیشانەدا دەبینرا، کەژیان نامەی خۆیەتی) بەهەر شێوەیەک بێت، ئەوە بەچەند ناوێکی خوازراوەوە بڵاوکردەوە.

دۆزی ئەو ناوە خوازراوانە، خۆی لەخۆیدا باسێکی ئاڵۆزە، لەسەرەتایی کتێبەکەدا دەوترێت ڤیکتۆر ئارمیتا دەستنووسێکی لەیەکێک لەچەکمەجە شاراوەکانیدا دۆزیوەتەوە، نازناوی ئەو ناوە، لەیەکێک لەزمانە کۆنەکانی یۆنانی وەرگیراوە، کەواتاکەی (تەنیاو دەرکراو)ە. (ئەبێ سەرنج لەواتای ناوە بچوکەکەش بدەین: ڤیکتۆر واتا (سەرکەوتوو) ئارمیتا دوای خوێندنەوەی ئەو نووسینانە، گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کەئەم نووسینانە هی دوو کەسی جیاوازن، بەڵام حاکمێک بەناوی ویلهلم (کەسایەتی B)و دووهەمینی هاوڕێی بێ ناونیشان، حاکم ویلهلم (کەسایەتی

A)! ئەو بەشانەی کەدەوترێت حاکم ویلهلم نووسیویەتی، بریتییە لەدوو نامە (بەشیوەی نامەی دوورودرێژ)، لەگەڵ مەوعزەیەک کەلەکۆتایی نامەکەدا دێت، کەبەوتەی حاکم ویلهلم قەشەیەکی خەڵکی جوتلەند، ئەوەی نووسیوە لەنێوان بەشەکانی دواتری کتێبەکەدا، پارچەی بەناوبانگ (بیرەوەریەکانی داگیرکەرێک) هەیە، لەپێشەکی ئەو پارچەیەدا، کەسی (A) دەڵێت کەئەوەی لەهاوڕێیەکی بەناوی یوهانس دزیوە، ڤینکۆر ئەرمینا ئەو قسەیەی کـەسی (A) رەتکردەوەو وتی :کە (یوهانس)ی داگیرکەر بوونێکی دەرەکی نییەو دروستکراوی کەسایەتی (A)یەو ئەو قسەیەی کەسایەتی (A) کە ئەو تەنیا دارێژەری ئەو بیرۆکەیە بووە، (فیلی کۆنی چیرۆک نووسەکان)ە، لەکۆتایی پێشەکییەکەدا ڤیکتۆر ئەرمینا بەوتنی ئەو شیمانەیەی کەبڕیاردەری سەرەوەیە، لەوانەیە لەسەر داڕشتنی خۆشی راست بێت، مەسەلەکە ئاڵۆزتر دەکات، واهەستپێدەکرێت کەجارێکی تر کیرکەگۆر خۆی لەئاستێکی قورسی عەزابی بێ بڕیاریدا ببینێتەوە، ئاسان تر بڵێین، ئەو هەم ئەیویست لەپشت ناوە خوازراوەکانەوە بمێنێتەوەو هەم ئەیویست ئاشکرای بکات، کەئەو ناوانە خوازراون. ئەو لەئاشکراکردنی ئەوەی کە(بیرەوەریەکانی داگیرکەرێک) شتێک نییە، جگە لەباسی حاڵگەری پەیوەندی خۆی لەگەڵ رجیندا، کەترسی لێی هەیە، بەڵام لەناوەڕۆکی نووسینەکەدا روونیدەکاتەوە، کەبەنهێنێ ویستویەتی ئەو زانیاریانە بگەیەنێتە رجین، تائەوەی لەو ناخۆشیەی کەبەسەر خۆیدا تێپەڕیوە، ئاگاداریبکاتەوە.

هەموو ئەو بەرهەمە دەردنـاکو پەرتوبڵاوانە، بەمەبەستێکی جدی نووسراوە، کیرکەگۆر وەک بەشێک لەرووداوە دیالێکتیکیەکانی خۆی، کەهەموو کاتێک لەخەیاڵیدا بوو، ویستویەتی باسەکان لەڕوانگەی جیاوازەوە بخاتە بەردەم بڕیاردەران، نەیدەویست کەهیچ یەک لەم رایە جۆراوجۆرانە، راستو دورستەکان بزانێ، ئەوە خوێنەرە کەدەبێ بڕیاربدات لەنێو شتەجۆراوجۆرەکانو هەندێک جار دژ بەیەکەکان، کامیان هەڵبژێرێت.

لەپێش کیرکەگۆر ئەفلاتونیش لەپێناو دوورکەوتنەوە، لەوەی کەبەرهەمەکانی لایەنێکی فیرکاری راستەوخۆ دروستبکات، ئەوانەی بەشێوەیەکی وتووێژ دەربڕیوە، بەڵام کیرکەگۆر کەسێک بوو کەبەدوای شتەکاندا دەگەڕاو ئەم هەموو وتوویژانە،

لەمێشکی کەسێکدا دەردەچوون، زیاتر روانگەی فەلسەفەی سوبژکتیۆبووە بوو.

ئێستا دەزانن کەکیرکەگۆر لەکتێبی (یان ئەمە، یان ئەوە) بەتەواوی چی وتوە، لەم کتێبەداو لەبنچینەدا دەڵێت، کەبەگشتی دەتوانین بەدوو شێوە بژین:١- شێوەی ئیستاتیک ٢-شێوەی ئاکاری، هەر کەسێک دەتوانێ ئازادانە لەنێوان ئەو دوو شێوە ژیانەدا، یەکێکیان هەڵبژێرێت، لایەنە جوانەکانی ئەگزیستانسیالیزم لێرەدایە، لەئەنجامی هەڵبژاردن لەنێوان ئەو دوو شێوەیە، هەر کەسێک دەبێ بەرپرسیەتی تەواوی ئیشەکەی خۆی لەئەستۆ بگرێت، هەڵبژاردنێک کەبنیادترین شێوەی خەسڵەتی هەموو بوونێکی ئەو دیاریدەکات، کەسانێک کەشێوەی ئیستاتیک هەڵدەبژێرن، لەبنچینەدا بۆ خۆیانو بۆ رازی بوونی خۆیان، ژیان بەسەردەبەن، ئەمەش بەواتای روخساری رووداوەکانی ژیان نییە، ئەگەر لەتێروانێکی فراوانترەوە بیربکەینەوە، لەگەڵ بەدواکەوتنی رازیبوونی خۆمان، بەدوای رازی بوونی کەسانی تریشدا هەین، لەراستیدا دەتوانین بڵێین، زانایەک کەهەموو ژیانی خۆی لەدۆزینەوەی چارەسەری نەخۆشیەکە بەسەربردووە، لەو رێگەیەدا هەموو خۆشیەکانی تاکیو بنەماڵەو کۆمەڵگاکەی کردوەتە قوربانی، ئەگەر هەموو ئەوانە بۆ خاتری ئەوە بووبێ، کەلەپشکنینە زانستیەکان چێژ وەربگرێ، هەمان شێوەی ئیستاتێکی لەژیانیدا هەڵبژاردوە، هەڵبەتە ئەبێ بوترێت کەلەسەر بنەمای تێروانینی دەروونناسی تازەو لەکۆمەڵگای لیبراڵا، زۆر سەختە کەسێک بدۆزینەوە، کەبەشێوەکی ئیستاتێکی ژیان بەسەرنەبات، چونکە ئێمە هەموومان بەشێوەگەلێکی سەیرو سەمەرە، بەدوای خۆشیو رازیبووندایین.

یەک دڵ نەبوونی کیرکەگۆر لەگەڵ ئەو شێوازانەدا، دیارخەری کاتو شوێنی بوو، چونکە لێکدانەوەی بۆ واتاکەی، ناسکیەکو قوڵایکی تایبەتی هەبوو، ئەو ئەیزانی چیدەڵێت، چونکە ئەو سەردەمەی خوێندکاری زانکۆ بوو، بەمشێوەیە ژیابوو، کەئێستاش ئەو رەگەزێکی ئەو شێوە ژیانەی تێدا مابوو، وهەست بەگوناە دەکات، کەسێک کەبەوشێوەیەی مرۆڤێک دەژێت، وکۆنترۆڵی خۆی ناکات، ئەو کەسێکی دەم بەخەندەیە، و تەنیا گەڕان بەدوای خۆشیو رازیبوون، ئەو بەرەوپێشەوەدەبات، لەوانەیە ژیانی لەگەڵ خۆیدا پەرچکرداری تێدا بێتو جۆرێک چەسپاندنو باوەڕپێکردنی تێدانییە، لەڕوانگەیەکی ترەوە، ئەو ژیانە

هەموو کاتێک بە(تاقیکراوەیی) ئەمێنێتەوە، چونکە مادام خۆشیەکی دیاریکراوی تێدایە بۆمان دوایدەکەوین.

کەمی نەبوونی پێویستی ئەو روانگەیە بونیادێکە، لەبەرئەوەی کەئەو جۆرە ژیانە پەیوەستە بەجیهانی دەرەوە( هەموو شتێک لەدەرەوە چاوەڕوانکراوە) لەبەرئەوە هیچ ئازادیەکی تێدانییەو لەکۆتاییدا پەیوەستە بەهۆکارێکەوە، کەلەدەرەوەی کۆنترۆڵی ئێمەدایە، شت گەلێکی وەکو دەسەڵات، دارایی‌و خۆشەویستیش مومکینەو دەکرێت‌و پەیوەستە بەکاری بڕیاردراوی وشتێکی زەروری لەواندا نییە، ئەگەر ئێمە ئەو ئێبینیانە بزانین، ئێدەگەیین کەرووبەڕووی پێویست نەبوونی کۆتایی ژیانی ئیستاتیکی  دەبینەوە، هەر کەسێک بەو شێوەیە دەژیا، درەنگ، یان زوو رووبەڕووی نەبوونی واتاو متمانەیی لەناو ژیانیدا دەبێتەوە، سەرەنجامیش تووشی نائومێدی دەبێت.

ئەو سەرنجە لەوانەیە نکۆڵی لێبکرێت‌و، یان بەبەردەوامبوونی ژیانێکی بۆوژوازی  بەتەواوی لەبیر بچێتەوە، لەلایەکی ترەوە، لەوانەیە کەسێک ئەو نائومێدیە بەواتای ژیانی بزانێت، یان دڵی بەوە خۆش بکات، کەهەرئەو بڕوایەی هەیە،بەلایەنی  کەمەوە ناتوانین بێبەشیبکەن لەو شتە ، وەکو پاڵەوانی تراژیدیەکان خۆی دەکاتە قوربانی چارەنووسێک، کە سروشت بۆی داناوە، هەست بەسەر بڵندی‌و ئارامی دەکات.

کیرکەگۆر بەزوویی تاوانی ئەو (تەقدیرگەرایی داگیرکەر) رادەگەڕێنێت‌و ئەڵێت، بەقبوڵکردنی ئەوە لەگەڵ راستییەکی ژیانی دوردەکەوینەوە، راستییەک کەبوونی  ئێمە تەنانەت بوونی ئـازادی رەتدەکەینەوە، بەقبوڵکردنی ئەوە کە(چارەنووسی ئێمە دیاریکراوە) لەبەرپرسیاریەتی چارەنووسی خۆمان، خۆمانی لێلادەدەین، حیسابی ژیانی خۆمان نابێ بۆ کەسێک بگەڕێنینەوە، شتێکین لەبەردەست چارەنووسدا، ئەوەی کەچۆن هەیین‌و چۆن دەژین‌و نەمتمانەیەکەمان بۆ دێنێت، نەتەفسیری ئەو پێماندەزانێت.

کیرکەگۆر لەنیشاندانی سیمای ئارام بەخشی خۆفریودانەکان، دەستێکی گـەورەی هەیە، لەرەددانەوەی ئەو شتەی کەسەردەمی خوێندکاری لەزانکۆ بڕوای پێبوو، ئەوەی لەخۆیدا تەجروبەی کردبوو، کەبەوشێوەیەو بەشبەش ئەو

خۆفریدودانانە ئاشکرا دەکاتو ڕێگەی هاتنە دەرەوەی لەشێوەی ژیانی شتێک پیشاندەدات، لەوانەیە ئێمە بەئەنجامەگەری کۆتایی (کەمەسیحیەتە) رازی نەبێن، بەڵام بەڵگەکانی هەنگاوبەهەنگاو ڕەزامەندیاندەکرد.

نائومێدیەک کەکیرکەگۆر باسی لێوەدەکات، بارودۆخێکی زۆر قوڵاو جدیە، کەلەسەردەمی ئێمەدا ڕەواجی زۆری بەدەستهێناوە، کیرکەگۆر لەدیاریکردنی سنووری نائومێدی ئەو شێوانەی کەلەخۆیدەگرێتو ئەو دەروونناسیە نامۆیەی کەلەپشتیەوە شاراوەتەوە، توانای پێشبینیکردنی خۆی پیشاندەدات، ڕێگە چارەی ئەو بۆ سەرکەوتن بەسەریدا بنچینەییە، لەڕوانگەی ئەوەوە، تەنیا وەڵامی ڕاست بەو ئاستە ئەوەیە، کەهەموو بەرپرسیاریەتەکانی بوونو ژیانمان لەئەستۆی خۆمانی بگرین، ئەوەو وتەی مەسیحی فەرجامین، بەکاریگەرترین بەدەستهێنانی کیرکەگۆر بوون، گرنگیەکەیش، سەدەیەک دوای مردنی زیاتر دەرکەوت وناسێنرا، لەبەرئەوەی مرۆڤ هەرچی زیاتر ئیمانی بەخودا لەدەستبدات، خۆی لەبەرامبەر هەڕەشەی دەروونناسی قورس، نوقمی ((کلتوری هەمەگی))، یان بووە هۆی نکۆڵی ڕژێمە داواکاری گشتییەکان یان ونبوون لەپێچاوپێچەکانی زانستی مۆدێرن دەبینین، زۆرجار وادەبینرێت کە (دووبارە دروستبوونی خۆت) لەژێر سایەی هەڵبژاردنی ئاگاماندا، تەنیا ڕێگەی زاڵبوونە بەسەر بێئومێدیدا، کیرکەگۆر وتی "تەنیا ڕێگەی هاتنەدەرەوە لەو کێشەیە (لەناخەوەو بەتەواوی ویستن)ە.

بەم شێوەیە کیرکەگۆر ئێمە بەرەو شێوەیەکی تری ژیان کەلەبەرامبەر شێوەی ئیستاتیکدیدا هەیە دەمانبات کەرەوشی ئاکاری ئەم شوێنە گۆڕەپانی موتلەقی سوبژکیتوتەیو (هەڵبژاردنی خۆویستن) گرنگترین ئەرکە، کەسێک کەبەرەوشی ئاکاری ژیان بەسەردەبات، خۆویستن خۆی بەهەڵبژاردن دەهێنێتە ئاراوە، مەبەست لەو جۆرە بوونە خۆ دروستکردنە، لەگەڵ ئەوەی کەلەشێوەی ئیستاتیکدا، کەسەکە بەوشێوەیەی کەهەیە خۆی قبوڵدەکات، لەرەوشی ئاکار لەسەرەتای ناسینو گۆڕانی خۆت لەگەڵ هەڵبژاردنی خۆتدایە، ڕێنمایی ئەو لەو ئیشەدا، ناسینی خۆمانو ئارەزووی قبوڵنەکردنی ئەو شتانەی کەئاشکراکراوە، هەوڵدان لەپێناو چاکسازیکردن تێیاندا.

لێرەوە جیاوازی لەنێوان ژیان بەشێوەی (ستاتیک، یان بەشێوەی ئاکاری)

دەبینرێت، یەکەمیان لەجیهانی دەرەوە دەڕوانێت، دووەمیان لەجیهانی ناوەوە، کەسێکی ئاکاری ئەیەوێت خۆی بناسێت، تاوەکو بتوانێ چاکسازییکات، مەبەستی ئەو گەیشتن بە(ئەو ئامانجانە) ئەوەی کەبەراستی بۆ دەبێ ئەوە هەڵبژێرێت، بەتەواوی زانراو نییە، مەگەر ئەوەی کەرازی بین، کەکەسێک لەڕێگەی خۆناسین بەناچاری بەرۆشنگەری دەگات، لەو ڕوانگەوە مایلە لەپێناو ژیانێکی باشتری جێکەوتوو بەپێوانەکانی رەوشتی تێبکۆشێت.

ئاشکرایە کەکەسی ئاکاری دوورە لەژیانی توانستی (بڕیاری گشتی لەژیانی خۆیدا دەدات)، لەو ڕێگەیەدا هەنگاو و پێدەنێتە نێو گۆڕەپانی وتەی بنیادی، وەک باشو خراپو لەئەرکدا، تێگەیشتنی کیرکەگۆر لەچۆنیەتی گۆڕانو تێڕوانینی کەسی، رەوشتی لەرەهایی سوبژکتیڤۆتیە، بەشێوەی گشتی بەزەحمەت رەزامەندەکە (ئەگەرێک بۆ ئەمەدادەنێت، کەوێمە بەرەو خۆخورادنەوە کارێکی وەک بڕیارێکی باڵاتر دەناسینو بیرمان بۆلای ئەو دەبات، بەوشێوەی کەئاماژەم پێدا دەروونناسی سەدەی بیستەم، خۆهەڵچوون بوونی ئاکاری خستە گۆمانەوە، لەلایەکی تریشەوە ئەوەی کەئێمە نەست بۆلای چاکە رادەکێشین، کەکۆنترین شێوازەکانی ئاکارگەرا بووە بەدرێژایی مێژوو.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کیرکەیگۆر هەڵسەنگاندنی شێوەی ئیستاتیکیو رەوشتی بەباشی ڕووندەکاتەوە، یەکیان بەستراوە بـەدەرەوە، (بڕیاردان، بێ سەروبەرەییو خۆ وێرانکەرییە، ئەوەی تریان بەستراوە بەناوەوە، پێویستی بوونی تەواو و خۆ دروستکردنە، ئەوە رازیکەرە، بەڵام هەڵە لەوەدایە، ئێمە هیچ کاتێک ناتوانین یەک ژیانی تایبەتو رەوشتی تەواومان هەبێ، چونکە لایەنێکی دەرەکـیو ناوەکی لەژیانی ئێمەدا هەیە، تەنانەت ئەگەری شێوەی رەوشتیە لەژیاندا هەڵبژێرین رەگەزێک لەشێوەی ئیستاتیکدا هەر بەناچاری دەمێنێتەوە. ئەو ناتەواویی رەوشتی بەلێکدانەوەو لەئەنجامی دیالێکتیکی لەبیری کیرکەگۆدا شێوەی سێیەم هاتەکایەوە، کەتەواوکەری دووشێوەی پێشوە، کیرکەگۆر ئەو شێوەیەی ناونا "شێوەی دینی "لەدواین کتێبی خۆی (ترسو دڵەڕاوکێ) کەبەناوی خوازراوی بوهانس دسیلنتیو چاپکرا خستیەبەر لێکۆڵینەوە.

لەو کتێبەدا کیرکەگۆر باسی ئیماندەکات، ئەوەی بەکرداری سوبژکتیوی

کۆتایی ناساند کەناعەقڵنییە، پرسیارێکی باڵاتر هەیەو ئاڕاستەیەکی ئەگەریەو هیچ پەیوەندیکی بەئاکارو کرداری باشەوە نییە، شێوەی ڕەوشتیی ژیان، لەگەڵ چەمکی هەڵبژاردنی بەرپرسیارانەو خۆ دروستکردن، ناتوانێت بەتەواوی لەگەڵ هەنگاوبەهەنگاوی ڕەوشی ئیمان بچێتەپشەوە ئەو (بەرزیە ناعقڵانیە) باڵاتر لەدەست پێگەیشتنی ڕەوشتی بنچینەیی، پێویستی بەکرداری عەقڵنیە، جێگیر دەکرێت، ئیمان تاک پەیوەستدەکاتەوە بەبوونەوەرێکی باشتروە باڵاترەو کەجۆر توانای هەر بڕیارێکی ڕەوشتی هەیە، لەتێڕوانینی کیرکەگۆر ژیانی ڕەوشتی، لەبنچینەدا پەیوەسنە لەگەڵ تێگەیشتنی کۆمەڵگەی ئایین، بەڵام پێویستە بچێتە ناو ڕێگەی ئایینییەوە (ڕەخنەی نادیاری بڕیاری ڕەوشتی)یە، بەشێوەیەکی تر لەپێناو گەیشتن بە مەبەستی ڕەسەنایەتی (ئیمان)ی ئاسانکردوەو بۆ زانیاری وەرگرتن لەرەوشتو لێکۆڵینەوەی قوڵتر، پێویستە پێوەرەکانی ڕەوشتی بەشێوەی ڕەخنەو بۆچون بەدەستبهێنیین.

لەڕوانگەی کیرکەگۆرەوە ئەتوانین ئایین بەتەواوکاری دیالێکتیکی ئیسائیکیو رەوشت بزانین، ئاینی ناوەوە ودەرەوە، متمانەو نامتمانەی تێدایە، ((گۆڕانی ئیمان لەهەر متمانەیەک زیاتر دەچیتە سەر)).

کیرکەگۆر هەوڵدەدات مەسەلەی ئاینی بەبەڵگەو بەپشت بەستن بەچیرۆکی پێغەمبەر ئیبراهیمو پێغەمبەر ئێسحەق ڕونبکاتەوە، بەپێی تەورات خواوەند بۆ تاقیکردنەوەی ئیمانی ئیبراهیم فەرمانی پێدەکات، کەکوڕەکەی ئیسحەق بکاتە قوربانی، (بەڵام لەقورئاندا ئیسماعیل هاتووە)، دیارە کەئەوە کردارێکی نارەوشتییە، بەڵام ئیمانی راستەقینە هەڵگری نیەتی خواییەو هەموو یەکسانیەتی رەوشت لەخۆی دەگرێت.

ئیبراهیم لەگەڵ ئەو ئەگەرانەی کەڕەنگە لەسەر ئەو ئیشە بووبن، بێدواکەوتن فەرمانی خـودای بەجێهێنا، لێرەدا ئەو لەئاستێکی ئاییندا دەژی، کەباڵاترە لەرەوشت، لەبەرئەوەی فەرزی ئیمان لەئیلاهیاتدایە، کەپێویستی ڕەوشتە، رەنگە زۆر کەس ئەو ئیشە بەشێکی ترسناک ناوبەرن، چونکە ئاینییە توندڕەوەکان بەدرێژایی مێژوو بەوشێوەیە هەڵسوکەوتیانکردوە، هەروەها بەتواناکانیش، بەڵام کلیلی پرسیارەکە لەدەرووناسیدایە، تەنیا بەرگرییێکی راستەقینە کەکیرکەگۆر لێرەدا

دەتوانێت بیکات ئەوەیە، ئەوەی لەمێشکیدایە وتووێژی رۆحە، نەک کردارو رەوشتی کۆمەڵایەتی.

رەنگە ئەگەر حەزرەتی ئیبراهیمو ئەسحاق وەکو رەگەزێکی جیاوازی یەک کەسایەتی سەیربکەین ، شتەکە روونترو جەختی لەسەرکراوەتر بێت، بەڵام بۆ گەیشتن بەهەر مەبەستێک، قوربانیان پێویستە، ئەو لەخۆ بوردەیو فیداکاریە زۆربەی کات نا عەقڵانییە، لەوانەیە لەگەڵ تێگەیشتنی پێشووی ئێمە، لەدروستیو نادروستیش لەناکۆکیدابن، کەلەڕوانگەی ناوەوەی ئێمە، زۆربەی کات مەبەستەکانمان لەژیان لەڕێگەی یەک لایەنی ناماقوڵی ئیماندا دێنین، کەزۆر پەیوەندی بەرەوشتەوە نییە، کیرکەگۆر ئەمەو ئایین بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەڵام ئەوە پەیوەندیدارنەبووە بەئاینەوە، بەڵکو بۆ هەر کەسێک ئامانجێک دەداتە ژیانیو لەگەڵیدا دەگونجێت، لە هونەرمەندێکەوە بیگرە تاکەسێکی سیاسی، بەمشێوەیەی کیرکەگۆر وتی "ژیانی شاعیر بەدژایەتی دەستپێدەکات، لەگەڵ هەموو بوونەوەرێکدا.

باسەکەی کیرکەگۆر لەسەر چیرۆکەکەی ئیبراهیمو ئەسحاق درێژە دەکێشێت، تێگەیشتن لەبەڵگەی ئەو باسە گرنگ نییە، جارێکی تر پژواکی پچڕانی پەیوەندیە لەگەڵ رژێنەکاندا کەئەبیستین، بەوشێوەی کەبینیمان، وەها کردارێک لەڕوانگەی رەوشتەوە نادروست بێت، بەڵام کیرکەگۆر ئەوەی بەپێویستزانی بۆ ژیانی ئاینی خۆی، بەوشێوەیەش چیرۆکی بیستنی پەیوەندی لەگەڵ باوکیشدا زۆر قورس نییە، لەدواساتدا خوا دەستی ئیبراهیمی گرتو نەیهێشت ئیسحاق بکاتە قوربانی، وکیرکەگۆری وەک باوکێکی دەسەڵاتخوازی، تا لوتکەی کەوتنی مەعنەوی بردە پێشەوە، بەڵام دواتر مرد تاکو( بتوانێت ببێت بەشتێک).

تاکو سی ساڵی کیرکەگۆر ژیانی بەگشتی بۆ نووسین تەرخانکردبوو، بەشێوەیەک لەخوێندکارەکانی زانکۆی، هەواڵی نەبوو، چونکە ئەو لەتەنیایەکی تەواودا دەژیا، تەنیا بۆ پیاسەکردنی رەها لەماڵەوە دەهاتە دەرەوە، لەشەقامەکانی کۆپنهاگن بەسەرو روو ، بارودۆخێکی نامۆوە ببووە جێگەی سەرنج، باڵایەکی لاوازو کۆم وبەکڵاوێکی خری بەرزەوە، لەشێوەی بنڵێ غاز) پانتۆڵێکی تەسک کەیەک لەیەکی کوت ترو هەموو کاتێ پیرتر دیارییبوو لەوەی کەهەبوو، لەشۆستەکان

جاری واهەبوو دەوەستاو لەگەڵ منداڵدا قسەیدەکرد، هەندێ جاریش دیارییەکی بچوکیشی دەدانێ، رەنگە ئەوانیش لەگەڵ ئەوەی ئەو دیاریانەیان بەسوپاسەوە وەردەگرت، بەڵام بەترسو ئیحتیاتەوە لەو پیرەمێردە گەنجە غەریبو سەیرە وەریاندەگرت.

لەکۆتایی هەفتەکاندا ئەسپو عەرەبانەیەکی دەگرتو بەناو باخەکانی شارو دەوروبەریدا پیێدەگەرا، وریابوو لەوەی کەبەشێوەی چاوەڕوانکراوی خەڵکی، کەوەک کوڕێکی دەوڵەمەندی بازرگانی کۆپنهاگن هەڵسوکەوت بکات، هەرچەندە کەبنەماڵەی ولّسن لەبەر خاتری ئەو، کردەوەیەی کە لەگەڵ رجینی کردبووی لێی نیگەرانببوون، ئەو لەلایەن بنەماڵەیەکی ناسراوەوە رەتکرابووە.

هەموو یەکشەممەیەک ئەچوو بۆ کڵیسا، زۆربەی کات لەوێ رجینی دەبینی، هەرچەندە بەیەکەوە قسەیان نەئەکرد، بەڵام لەئامادەبوونی یەکتر ئاگاداربوون، لەگەڵ ئەوەی کەرجینی زۆر رەنجاندبوو (خۆی زیاتر)، بەڵام ئەڵێی پەیوەندییەک هەر لەنێوانیدا مابوو، لەگەڵ ئەو هەموو راستگۆیی‌و دەروونناسییەی خۆی، زۆر بەگومان بوو لەفریودانی خۆی، نەیئەتوانی بەوەی کەرۆژێک بەشێوەیەک لەگەڵ رجین دووبارە پەیوەندی دروستبکاتەوەو بێ ئومێد بێ، یەکگرتن‌و پەیوەندیەک بەشێوەیەکی معنوی، هەرچەندە ئەیزانی کەئەوە ممکین نییە، لێکدانەوەی ئەو پەیوەندییە، بووە هۆی سەرقاڵییەکێ فکری هەمیشەیی کیرکەگۆر، هەرچی سەرقاڵ خۆناسینی ئەو دەبویەوە، زیاتر قوڵتردەبوویەوە لەسەر خۆدناسی ئەو، ئەوەی کەرۆژگارێک بەشێوەی ریسوایی و نەبوونی کەسی پێویست لەژیانی ئەودا دەستپێکرابوو، ئەوەی کەبەتێگەیشتنی قوڵی لایەنە جۆراوجۆرەکان، نەبوونی کیفایەتی سروشتی مرۆڤ رێنمایی کرا، خودی سوبژکتیوتیەناممکن بوو، بەڵام ئەبوایە بەوشێوەیەش بژی.

لەو حاڵەشدا بەردەوام بوو لەنووسین‌و لەنێوان ساڵەکانی (١٨٤٤ تا ١٨٤٦) پێنج شەش کتێبی بەناوەی خوازراوەوە بەچاپگەیاند، ناوەکانی وەکو یوهانس کلیماکوس (روحی بردنە سـەرەوە)، ویرژیلیوس هۆمنینیس (پاسەوانی گردی گەورەیی)، هیلاریوس بوک بایندەر (نووسەری سەرخۆش)و فرانێر تاسی تێرنووس (برای کەم قسە) ئێستا بەوشێوەیەی کەخۆی ئومێدی هەبوو، کەسە دیارەکانی

کوپنهاگن کەم کەم بەناسینی شوناسی راستەقینەی ئەو کەسەی کەم دەکەوتە سەر خۆشو کەم قسەی گردی گەورەکان پەی پێدەباث.

ئەندێشەکانی کیرکەگۆر لەگەڵ خێرایی شێوەی لێکچوونی بەرهەمی قەڵەمەکەی گەشەیدەکرد، لێکدانەوەی لەباسی (بـوون) ناوەڕۆکی سەرەکی قوتابخانەی (ئەگزیستانسیالیزم) بوو، کەدواتر لەبواری فەلسەفەدا دەرکەوث، لەڕوانگەی کیرکەگۆرەوە (بوون) وەکو یەک ژمارەی نادیاربوو، دوای لێکدانەوەو وەلانانی هەموو شتێک، ئەوەی کەئەمێنێتەوە (بوون)ە، تەنها (بوون)، کیرکەگۆر ئەوەی بۆ گاڵتەپێکردن لەگەڵ بۆقێک کەلەدوای خواردنەوەی شەربەث لەبنی پەرداخەکەدا دەردەکەوێث دەچواند.

بەڵام کاتێ ئێمەبوونی خۆمان تاوتوێدەکەین، ئەبینین تەنها شتێک (بوون)ە (بوون) دەبێ بژی، ئەبێ ئەوەی بەدووبارەکردنەوەی (بیری سوبژیکتیو) بیگۆڕین بەکردار ، ئەمە رەگەزی سەرەکی سوبژیکتیوتەی ئێمەیەو هەر ئەم رێگەیە بۆ راستی سوبژیکتیومان دەباث، لێرەدایە کەئەتوانین مەبەستی کیرکەگۆر لەم وتەی کە (سوبژیکتیوتیە راستییە) بگەین.

لەڕوانگەی کیرکەگۆرەوە دوو جۆر راستیمان هەیە، راستییەک ئەبژیکتیو وەک راستییەکانی مێژوو و زانسث کەپەیوەستە بەدنیای دەرەوەو هەن، ئەوانە ئەتوانین بەپێوانەی دەرەکی دابنیین، بەشێوەیەکی تر راستی ئەو بژیکتیو پەیوەستە بە(ئەو شتەی کەوتراوە) لەحاڵێکدا کە راستی سوبژیکتیو پەیوەستە بەوەی کە(چۆن وتراوە) بەپێچەوانەی راستی ئەوبژیکتیو بۆ هەڵسەنگاندنی راستی سوبژیکتیو، هیچ پێوەرێکی دەرەکی لەبیریدانییە، کیرکەگۆر لێرەدا لەکاتی پارانەوەدا نمونەی دوو کەس دێنێتەوە ، یەکەمیان ناوبراو بە(ئلوهیەتی راستی) (کەلەڕوانگەی کیرکەگۆرەوە واتە لەخودای مەسیحیەث) ئەپاڕێتەوە، بەڵام لەو پاڕانەوەیەدا راستگونییە، کەسی دووەم تاوانبارێکە کەلەبنی دەستی خۆی دەپاڕێتەوە، لەکاتێکدا دڵی لەناخەوە روویکردوەتە راستێکی کۆتانەهاتوو، لەڕوانگەی کیرکەگۆرەوە پاڕانەوەی کەسی دووەم بەهرەی زیاتری لەڕاستی سوبژیکیتو هەیە، تێگەیشتنی راستی سوبژیکتیو، کیرکەگۆر لەتێگەیشتنی خۆشەویستی نزیکەو هەڵگری یەک پەیمانی بەشەوقی دەرونییە.

راستی سوبژیکتیو لەو ڕوانگەوە گرنگی زیاتری هەیە، کە لەگەڵ بونیادی (بوون)ی ئێمە پەیوەستە، بەوشێوەی کەبینیمان بەهیچ پێوەرێکی دەرەکیەوە پەیوەست نەبووەو بەهەمان( بڕیاری نادیار)ەوە پەیوەستە، کەئەو کاتە هەموو راستییەکانی ئەبژیکتیو لەپاڵاوگەی شیکاری تێپەڕیون، بەجێدەمێنێت، کەواتە راستی سوبژیکتیو پەیوەستەبە بونیادی بەهاکانی ئێمەوە، نەئەوەندەی کەلەگەڵ راستبوون، یان نەبوونی ئەوانە، بەڵکو بەپەیمانی ئاسایی دەروونی ئێمە، پەیوەستە بەئەوانەوە، لەو ڕوانگەیەوە هیچ ئیخلاقیاتی لەواقیعیانی ئەبژیکتیو سەرچاوە ناگرێ، سەیر لەوە دایە کەلێرەدا کیرکەگۆر لەگەڵ فەیلەسوفی شکاکو بێ خودای ئیسکوتلندی دەیڤید هیوم، کەلەسەدەی هەژدەدا ئەژیا، هەمان روانینیان هەیە، واتە رێکەوتنێکی بیریان هەیە، هیوم بڕوای بەوە بوو، کەتەنها رێگەی گەیشتن بەزانست ئەزموونەو کەلەو رێگەیەوەیە، ئەو شتەی راستی ناو دەنێین، بەدەستی دەهێنین، بەڵام لەو راستیانە هیچ جۆرە رەوشتێک دروست نابێت، بۆنموونە لەم واقیعەتەدا، کەلەژێر سایەی دورکەوتنەوە لەکحول مێشکمان بەتەواوی دەمێنێتەوە، ناتوانین بگەینە ئەو حوکمەی دواتر ئەبێ لەکحول دوربکەوینەوە، هەم کیرکەگۆر هەم هیوم کۆک بوون لەسەرئەوەی کەلە (هەیە)دا بە(دەبێت) بگەین، (تێکۆشان بۆ گونجاندنی رەوشت لەفەلسەفەدا بە (موغالیتەی ناتورالیستی ) ناسراوە.

بڕوای کیرکەگۆر بەباڵایی راستی سوبژکتیو هەبوو، کەبوو بەهۆی سەرکەوتنی راستی سوبژکتیو، کەلەڕوانگەی هیومەوە لەهەنگاونانی (راستییەکان) گومانبکات، کیرکەگۆر بەراستی تێگەیشتن کەئەوەی ( واقیعیی) و راستیە ئەخوێنینەوە، وەرگیراوە لەباسی (فکری ) خۆمان، بەئاسانێکی دیاریکراو تواناکانی ئێمەیە کە (راستییەکان) دادەنێت، بۆنموونە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئاستێکی تەنیا، کەسی ئاینیو نائاینی راستییەکان جۆراو جۆر دەبینرێن، لەو روانگەوە هەر کەسێک لەئاستی دیاریکراوی خۆی، دنیای خۆی دروستدەکاتو دنیای خۆی بەبەڵگەی ئەو بەهایانەی کەپێی رازییە دروستیدەکات.

کێشەیەک نییە کەلەم رووەوە روانینی کیرکەگۆر رێژەیەک لەگەنجەکانی ئەمڕۆ، بوونی هەر جۆرە راستییەکی ئیبژیکتیو رەتدەکەنەوە، سەیربکرێت، کیرکەگۆر بانگەشەکاری سەرهەڵدانی پەدیدارشناسی سەدەی بیستەمە، کەهەموو

کێشەکانی خودئاگایی بە سەرەنجدان وئاگایی، هەمیشە وەک خاوەن نیەت دەبینن، ئێمە جیهان بەشێوەیەک ئەبینین کەمەبەستمانە ببینین، بەوتەی وینگنشتاین کەسی خۆش بەختو کەسی بەد بەخت، لەدوو دنیای جیاوازدا دەژین، ئەو قسەیە بەرووخساری، قسەیەکی دواکەوتووانەیە، ئەو لەبارەی ئیشەکانی ئیرادەوە قسەدەکات، قوڵایی زیاتر دروستدەکات، بەوشێوەیەی کەکیرکەگۆر وتی هەر کەسێک دنیا بەوشێوەیە ئەبینێ، کەدەیخوازێت، ئەوەش پەیوەستە بەبەهاکانەوە، کەکەسی زیاتری هەڵبژاردوە، کەلەگەڵ ئەواندا ژیان دەباتەسەر وخۆی لەناو ئەوانەدا دروستبووە، بەوشێوەیە کیرکەگۆر بەڵگەی هەبوو، کەئەو بەهایانەی کەکەسەکە دروستدەکات، دنیاش دروستدەکات.

وەها تێروانێکی پدیدار شوناسی لەوانەیە بەبیرورای زانایەک کەبەزانست باوەڕی هەیە راست بێت، زانایەک کەدنیای ئەو لەگەڵ دینایەک بۆ نموونە مێژوونووسێک کە بڕوای بەمێژوو هەیە، جیاوازە، هەروەها دەبێت تێبگەیت لەسەر ئەنجامی خراپ، ئەو تێڕوانینە ترسی سەرەکی ئەوەیە، تەنیا باوەڕ بەخۆبوونی سەرچاوە بەم دیدگایە، ئێستا بەتەنیا من هەمو ئەم دنیایە بۆ منە کەبوونی هەیە، بەوشێوەیەی کەکیرکەگۆر دەیوت من تەنیا بەرپرسی دنیای خۆمم، ئەو تێڕوانینە لەسەدەمی بیستەم فەیلەسوفی ئەگزیستانیالیزمی فەرەنسی، ژان پۆل سارتەری گەیاندە، کۆتایی سنوورەکانی لوژێکی خۆی ئەو کاتانەی کەلەساڵی (١٩٤٠) لەکاتی شەڕدا خزمەتی سوپای فەرەنسای دەکرد، گەیشتە ئەو باوەڕەی ئەوە قبوڵبکات، کەتەنیاو تەنیا ئەو بەرپرسی ئەو شەڕە جیهانەیەیە، ئەوجۆرە بیرکردنەوەیەو خۆکردنە محورەیە رەنگەشێوەی رەوشتی هەبێ، بەڵام بەگران لەجیهانی روانینی سودمەندو باش کۆتایی پێدێت.

بەڵام هەر ئەوشێوە رەوشتە شتێک بوو کەکیرکەگۆر هەوڵی بۆ ئەدا، ئامانجی ئەوەبوو کە وتەی بوون ئەتەکێترینو توندترین شێوە پێشنیازبکات، بەس بەو شێوەیە دەتوانین بوون بەو شێوەیەی کەهەیە ببینین، ئەزانین کەبوون بۆ چییەو ئەتوانێت چی بێت، (بوون) هەڵگری ترسێکی گەورەیە، ئێمە هیچ کات ناتوانین دڵنیابین لەوەی کەئەو شێوەیەی هەڵمانبژرادوە راست بێت، لەڕوانگەی کیرکەگۆرەوە، هەر کەسێک ئەوە بەباشی بزانێتو گرنگی بەردەوامی پێبدات،

بەناچاری تووشی شڵەژان دەبێت، ئەم راستییانەی سوبژیکتیو، کەهیچ لایەنگرێکی ئبژیکتیویان بۆ نادۆزرێتەوە، لەسەر بنەمای هیچ، جێگیرو وەستاون، بەم شێوەیە بەهیچ هەبوونو بوونی (وجود) کۆتاییەکی ناتەواو کەلەدڵی ئەودا پەی پێببەین، لەبنەڕەتدا ژیان بڕیارێکی رووداویو بێ بنەماو ئەزموونیو ناجێگیرە.

هەتا خودی ئاگایش بڕیارێکی ناکۆکە، کەلەسەر یەکتربڕی کردارو توانا خاڵی تەماسی ئەو شتەی هەیەو یان ئەو شتەی نییەدا هەیە. (بەوشێوەیەی کە کیرکەگۆر دەڵێ "ژیان بەرەو رووی دواوە تێیدەگەین، بەڵام بەرەو پێشەوە ئەنجامەدرێت، بەوشێوەیە زانیاری جێگەی دژایەتی دەروونیو بڕیارێکی دوو لایەنەیە، بەئاگابوون بۆ خۆی شێوەیەکە لەگومان، ئەو دیدگایە هەتا لەڕوانگەی دیکارتەوە کەلەهەموو شتێک گومانی دەکرد، زیاتر دەڕوات، لەبەرئەوەی دیکارت لەکۆتاییدا گەیشتە ئەوەی کەبیردەکانەوە، ئیتر هیچ شکو گومانێک نییە، لەکاتێکدا کیرکەگۆر ئەوەی خستەڕوو کەئاگایی، یان بیرکردنەوەی ئاگایانە، نەک تەنیا بڕیارێکی یەقین نییە، بەڵکو بۆ خۆی شێوەیەکە لەگومان، لەبەرئەوەی هەر لەئاگاییدایە کەئێمە لەخودی (بوون) بەگومان دەبین.

بەڵام راستیدا ئەمە خولێکی بەدوایەکدا هاتن (تسلسل)ی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاڕاستەی تێڕوانینی ئێمە لەوەها مەیدانێک کە لەهەندێک لەچەمکەکان نەسەلمێنراوبن، هەروەها لەپێشماندان سستنو ناتوانین پشتی پێببەستین، ئێستا وایدابنێین کەخود ئاگایی لەبەرامبەر هەرەشەڕی گوماندا بێت، ئایا دەتوانین ئەوە وێنابکەین، کەشتێک لەبنەڕەتدا بوونی نییە، بتوانێت ئیشێک بکات؟! بۆ نموونە گومان بکات؟ بەرگریکاران لەکیرکەگۆر دەڵێن کەئەو ناڵێت خود ئاگایی بوونی نییە، بەڵکو تەنها لەبوونی بەگومانە، ئەوا تێبینیەکی ژیانییە، بەواتایەکی دیکە ئەو دەڵێت کە (ئەتوانین لەچوارچێوەی خودئاگاییدا رازی بین بەگومان، جارێکی تر کیرکەگۆر گەیشتنی شکاکیەتی هیومی، بینی کەئەتوانێ لەپەیوەست بوونو بەردەوامی ئاگایی گومان بکات، ئەو بەردەوامییەی ئاگایی لەساتێکەوە بۆ ساتێکی تر ئێمە ئەزموونی ناکەین، یان لێیوەرناگرین، ئەو شتەی ئێمە ئەزموونی دەکەین، شتێک نییە جگە لەو ساتەی تێیداین، بەمشێوەی ئاگایی بەتەواوی ناجێگیرو شڵەژاو دەبێت، لەوکاتەدا ئێمە رووبەڕووی ئەو حاڵەتە بوونیەوە،

کە(بوون) زیاتر لەوەی پێشوو گۆڕاویەو قبوڵکەرێکی مەترسیدارە، ئەو واتایە کاتێ تێدەگەین، یان رووبــەڕووی دەبینەوە، کەلەوانەیە، هەرکاتێ بمرین، زیاتر دەردەکەوێت، واقیعەتێک مەگەر ئێمە ئەزموونی (مەرگی ئەوانی دی) وەردەگرین، هەروەها لەزانیاری خۆمان لەبەردەوام نەبوونی زانیاری تێدەگەین، لەهەمانکاتدا ئەبێ ئاگاداری ئازادییەکی تەواو بین، کەلەهەر کاتێکدا هەمان بێت، ئەوەی کەلەتواناماندا هەیە هەر ئەوە هەڵبژێرین، ئەتوانین ژیانمان بەتەواوی بگۆڕین، لەهەرساتێکدا لەگەڵ ئەو ئازادییە تەواوەدا رووبەڕوودەبینەوە، ئەو حاڵەتە راستییەش رووبەڕووی ئێمەیە، لەئەنجامدا ئەگەر بەتەواوی تێبگەین‌و ئاگادارێکی رێژەیشیان لەم حاڵەتە هەبێت، دووچاری ترس ئەبین.

کیرکەگۆر کتێبێکی تەواوی لەبارەی چەمکی ترس نووسی، ئەو بابەتەکە بەزمانی ئەڵمانی (Angast)ە، بەدڵەراوکێ‌و شڵەژان وەرگێردراوە.

کتێبی چەمکی ترس، یەکێکە چڕترین کتێبەکانی دەروونناسی پێش فرۆید، لەو کتێبەدا کیرکەگۆر دەکەوێتە نێوان شیکردنەوەی دوو جۆر ترسەوە، جۆری یەکەمی ترس ئەوەیە کە کاتێک ئێمە کەبەرەو رووی ترسێک لەدنیای دەرەوە دەبینەوە، بەرەنگاری دەبێنەوە، بەڵام جۆری دووەمی ترس ئەوەیە، کە هەڵگیرساوێکە لەئەزموونی دەروونی، ئەوکاتەی کەبەتونایەکی ناسنووداری ئازادی ئێمە بەرەو رووی دەبێنەوە، گەورەیی‌و فراوانی ناعەقڵی بوونی ئەو تێدەگەین. ( بەوشێوەیەی کەکیرکەگۆر دیاریدەکات، سەلماندنی ئەو واتایە، کە ئێمە سوومەندبووین، لەئازادی مومکین نییە، لەبەرئەوە سەلماندنی ئەوە، پێویستی بەبەهرە وەرگرتنە لەپێویستی لوژێکی کەدژی ئازادی بێت.

ئازادی هیچ پەیوەندێکی بەفەلسەفەوە نییە، توێژینەوەیەکی دەروونناسیەو پەیوەستە بەبابەت‌و شێوازی فکری ئێمەوە،حاڵەتی زهنی ئێمەو ئازادیان تێدەگەیەنێت (نەک بەبەڵگە هێنانەوەی لوژێکی‌و فەلسەفی) ئێمە رەهەندی تەواوی ئازادییەکانمان، تەنیا کاتێک تێدەگەین، کەشێوازی فکری تایبەت، کەناوی (ترس)ی لێنراوە ئەزموون بکەین، لەو روانگەوە هەر کەس نەک بەشێوەی یەک (هەبوونی) هستی ، بەڵکو بەشێوەی یەک بوون(شدن) بەردەوامە کەهەیە، ترسێک کەلەو بڕیارە سروشتییەوە سەرچاوە دەگرێ، بەڵام وەرگرتنی تەواو

وکاملّی ئەو، بەشێنی کۆتایی دێت، بەبڕوای کیرکەگۆر تەنیا ڕێگەی دورکەوتنەوە لەو ترسە، بازدانێکی ناعەقڵیە بۆ ناو ئیمان، بەوشێوەیە کەسەکە بەیارمەتی پەیوەندی دەروونــی سوبژێکتیوی خۆی بەخودا، لەو نەخۆشیو تێکشکانییە دەروونیە رزگاری دەبێت.

بەڵام پرسیارەکە لێرەدایە، ئایا هەر ئەم زانیارو ئاگاداربوونە لەسەر ئازادی، لەپێناو هەڵسەنگاندنی وەها هەستێکی بەتوانا لەترس، بەسە؟ ئایا ئەمە تەنیا هونەری زانایەکی وەکو کیرکەگۆر و کافکایە، کەلەحاڵەتی ترسداو لەئەنجامی زانیاریو توانا فراوانەکانیان، بوونیان رۆژگار تێبپەڕێنێت؟ لەوانەیە، بەڵام ئێمە خەڵکانێکی ناوەندین، زۆربەمان ساغو ئاساییین، ئەتوانین هەست بەوترسەش بکەین، لەتێپەڕبوون بەسەر ئەو رێگە تەسکەی، کەلەسەر لێوی هەڵدێرێکدایە، ئێمە ترس هەڵدێرانو سەرەگێژەی بەرزی هەست پێدەکەین، بەشێک لەترس لەوکاتەدا، و لەهەستێکی نامۆوەیە کە لەکاتی تێڕوانینمان لەلوتکەی ترسناکیدایەو لەو کاتەشدا ئێمە لەو دووردەختەوە، بەبڕوای کیرکەگۆر شڵەژانی سەرەوە، لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کەئێمە ئەوە دەزانین، کەئەتوانین بەئاسانی خۆمانبەرەو خوارەوە هەڵدێرین، هەر ئەو ئازادیو هەڵبژاردنەیە، کە دەبێتە هۆی وەها شڵەژانێک، هەروەها ئێمە وەها ترسێک تاقیدەکەینەوە، ئەو جۆرە ترسەش لەژێر حاڵەتی ئاساییو گشتیدا شاراوەیە.

لەساڵی (١٨٤٤) کیرکەگۆر کتێبی چەمکی ترس، هەروەها کتێبێکی تری کورتکراوەی بەناوی"پارچە پارەکانی فەلسەفە" تەواوکرد، کتێبە کورتەکەی دواییو لەکۆتاییەکەیدا زۆر بەچڕوپڕی، کەشەش سەد لاپەڕەبوو، ناونیشانێکی دوورو درێژی لەکۆتاییەکی نازانستی پارچە پارە فەلسەفیەکان (لێکدانەوەیەکی لاساییکەرەوە، رەق ئامێز، دیالێکتێکی، بەرهەمێک لەسەر ئەگزیستانسیالیزم لەنووسینی یوهانز کالیماکوز، لەبڵاوکردنەوەی (س) کیرکەگۆری بەدوای خۆیدا رادەکێشا، ئەوە بۆ یەکەمین جار بوو کەوشەی ئەگزیستانسیالیزم ، لەشێوەی زمانی دانمارکی، ئەوەی کە بە(ئاستی بوون) یان (پەیوەندی بوون)یش بۆ وەرگێڕان شیاو بوو، سوودیان لێوەردەگرت، کیرکەگۆر کەلەنێوان (٥) ساڵی رابردوو، زیاتر لەنیو ملیۆن وشەی نووسی بوو، هەستیدەکرد، کەئیتر هیچی بۆ وتن پێی نییە،

لەو رووەوە کە هاوشێوەی فەلسەفەکەشی، دەیەویست بەهەڵبژاردنێکی بوارو گشتییەوە خۆی دروستبکات.

هەڵبژاردنی ئەو بڕیارێکی نائاساییی بوو، هەتا ئەم سەردەمە هەندێک لەکتێبەکانی کەبەناوی خوازراوەوە لەچاپدرابوون، لەگۆڤارێکدا بەناوی (Corsair) رەخنەیەکی زۆر جوانی لەخۆ گرتبوو، ئەو گۆڤارە کۆمێدیەی کۆپن هاگن بەهۆی هێرشکردنی راستەوخۆ و خراپ بۆ سەر کەسایەتییەکانی ناوچەکە ناوبانگی پەیداکردبوو، کیرکەگۆر بڕیاریدا کەبەنامەیەکی توندو رەخنەئامێز لەسەر ئەو گۆڤارە بنووسێتو ئاوانباریان بکات بەهێرشکردنە سەری (ئەگەر کەسێک لە گۆڤارەکەی ئێوەدا پێناسە، یان وەسف بکرێت، بەئیهانە لەقەڵەمدەدرێت) و ناوی هەندێک لەنووسەرە بێ ناونیشانی ئەوانی ئاشکراکرد (لەئاکامدا یەکێک لەنووسەرەکان هەلی مامۆستا بەبوونی لەدەستدا)، سەرئەنجام بەتەواوی شیاوی پیش بینی بوو، چەند مانگێک لەسەر یەک، ئەو گۆڤارە هێرشی کردە سەر کیرکەگۆرو، کاریکاتێری لەسەر بڵاودەکردەوە، سەروشێوەیەکی هەزەلیو بیروڕاکانیشی بەهیچ وسوک دادەنا، هەتا پێش ئەوە لەکۆمەڵگەی کۆپنهاگن کیرکەگۆری، وەک کەسایەتیەکی نامۆ، نووسەرێکی بەتوانا، روشنبیرێک کەروویکردبووە ئاینو لەکۆتایدا بەکەسێکی شکستخواردو کەبەهۆی شکستی چیرۆکی خۆشەویستی، وەک کەسێکی دورەپەرێز دەناسرا، و زیاتر لەوەی وەک کەسانێک کەلەناو شەقامەکانی کۆپنهاگن، ئەکەوتە بەرچاویان، لەوە زیاتر ناوێکی نەبوو، بەڵام لەدوای ئەو رووداوە، هەموو شتێک گۆڕا، لەئاکامدا وتارو وکاریکاتێرە یەک لەدوا یەکەکانی ئەو گۆڤارە، کیرکەگۆری بەشێوەی پیرە پیاوێکی گەنجی لاوازو بەهیکەلێکی وەکو تەڕکەدار کەلەشێوەی قرژاڵ دەڕوات بەڕێوەو شاقەلی پانتۆڵەکانی کورتو لەسەرەوەبوون دەنەخشاند، لەگەڵ ئەمانەو گەورەیی جەستەی، بـووە جێگەی ئانەی هەموو کەسێک، بەشێوەیەک لەشەقامەکانی کۆپنهاگن شەلاتیەکانی شار بەدوای دەکەوتنو لاسایی رۆیشتنەکەیان دەکردەوە، هەتا ئەوەی دووکاندارەکانیش بەئاشکرا پێیپێدەکەنین.

کیرکەگۆر کەسێکی زۆر هەستیاربوو، ئەو ئازارەی کەلەو حاڵەتەوە تووشی ببوو، بەئاسانی هەستی پێدەکرا، بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە، کەخۆی هۆکاری ئەوەبوو، لەکاتێکدا بەدروستی دەیزانی کەچیدەکاتو بۆ ئەو حاڵەتەی دەستپێکردوە،

بەسەرەنجدان لەکەسایەتی ئاڵۆزی ئەو، وەڵامی ئەو پرسیارە ئەوەندە ئاسان نییە، بەڵام بەبێ دوو دڵیو گومان وەسوسەی ئەو قوربانیو شەهیدبوون، هەر ئەوەی کەلەقوتابخانەدا لەگەڵ هاوپۆلییەکانی دەیکرد بۆ تۆراندنیان لەخۆی، لەم مەسەلەیەدا رۆڵی هەبوو، دووبارە بێگومان گرنکی نەدانی زۆربەی خەڵکی بەبەرهەمەکانی رۆڵی هەبووە لەو بزوەدا، ئێستا کیرکەگۆر گەیشتوەتە تەمەنی (٣٣) ساڵی، بەڵام وەکو نووسەرێک بیروەرێکو نەناسراوبوو، ئەگەر نەیتوانی ناوبانگ دەربکات، لانی کەم دەیتوانی بەدناوبێ.

بەڵام لـەدوای ئەو خۆشەویسنیانە، کیرکەگۆر لەو بابەتەدا مەبەستی خۆشەویستیەکی جدی هەبوو، ئەو دەیویست بەئیهانەپێکردنی خەڵکی پێی ببێتە مرۆڤێکی باشتر، بەهۆی ئەو بەردەوامییە ئازار بەخشەی بەرامبەر خەڵکیدا پێی ببێتە مەسیحەیەکی باشتر، دەیویست ژیانێکی مەعنەوی هەبێت، کەئەوە لەڕوانگەی ئەوەوە بەنرخترین ژیان بوو، ئەوەش بۆ ئەو رەوشتێک بوو، بۆئەوەی هەرچی زیاتر بۆ لای بچێت ، لەکۆتاییدا بەڵگەیەکی تریش لەنێو ئەو بەڵگانەدا هەیە، بەوتەی پاسکال تەنیا بیرەوەری مەزهەبی سەردەمی کیرکەگۆر :(دڵ بۆ خۆی بەڵگەی هەیە، کەعەقڵ سەری لێدەرناکات)، بەڵگەیەی دڵی کیرکەگۆر رجین بوو، دەیویست سەرنجی ئەو رابکێشێت، ئەوەی پێ پیشانبدات کەچەندێک ئازار دەچێژێت).

بەڵام ئەگەر مەبەستی ئەو کەوتنەژێر کاریگەری رجین بووبێت، بەئاشکرا تووشی شکست بووە، چونکە هەر لەو کاتانەدا رجین بوو بە دەزگیرانی کەسێکی ترو دوای ساڵێک هاوسەرگیری لەگەڵ کرد، هەرچەندە کیرکەگۆر هیچ شتێکی دەرنەخست، بەڵام زۆر بەخراپی نیگەرانبوو، ئەو شتەی روویدا، پیربوونێکی زوو بوو کەبەرۆکی گرت، ساڵێکی سەختو بەئازار، تەنیاییو هەوڵدانێکی بێوەستانی فکری، ئێستا زیانەکانی لەوەوە وەردەگرێتەوە، لەگەڵ بینینی هەرچی زۆرتر قوڵی ئەو، سەبارەت بەپێگەی مرۆیی، ئەو بەردەوام لەگەڵ وێنا نامومکینیەکانی خۆی، ئەوەی کەرۆژێک هەر دەگات بەرجین، لەلا چەسپیبوو (ئائێستاش یەکشەممان یەکتریان لەکەنیسەیەک دەبینی).

لەئەپریلی ساڵی (١٨٤٨) کیرکەگۆر ئەزموونێکی ئاینی تێپەڕاند، لەیاداشتەکانیدا

نووسیەتی (هەموو سروشتی من گۆڕا) گەیشتە ئەوەی تەنیا عشقی ئەوە لەگەڵ خودادا ئەتوانێ کەلەبیرکردنەوەی تاک رزگارییکات، لەوە بەدواوە راستەوخۆ بێ خۆشاردنەوە، بەناوی خـوازراوەوە قسەی خودای بەکاردەهێنا، پێج شەش کتێبێکی کەلەماوەی سێ ساڵی دواتر بڵاویکردنەوە،و ئەم کتێبانەش تایبەتبوون بەو بابەتەوە.

تێگەیشتنی کیرکەگۆر لەئاین، نایەکسانو تەنیا گونجاو بوو، بۆ کەسانی پیرۆزو مرۆڤی یاخیبوو، سوێنخواردن لەروانگەی کیرکەگۆرەوە (هەموو بوونیەتی مرۆڤی لەبەرامبەر خودایە) بیروباوەڕی هبوت مەحروم بوونی ئادەم لەبەخششی ئیلاهی لەبەهەشت، سەنتەری فکری ئاینی کیرکەگۆر (ناوەڕۆکی دەروونناسی تایبەتی ئەو) پێکدەهێنێت، بەبۆچوونی ئەو، خۆپەرستی کەدیارترین ئەو غەریزە جنسییەیە، ئەبێتەهۆی سودمەندبوونی لەبەهەشتو بەو شێوەیەی کەئاشکرایە لەو بابەتەدا شتەکان هەموو بەسەر ژناندا شکایەوە، کیرکەگۆر نووسیویەتی(ژن هەمان سایکۆلۆژستیەتی هەبوو، تەواوی بزوی ژنو پیاو، دەسیسەیەکی دارێـژراوە، لەپێناو نابودکردنی پیاو، وەک رۆحو مەعنەویەت)، تەنیا وەڵام بۆ ئەم حاڵەتە دورکەوتنەوەیە لەژن، لەڕوانگەی ئەوەوە ویستی خودا تەنیا بەلەناوچوونی ئەوی مرۆڤ دێنەدی .

سەیر لێرەدایە کەکیرکەگۆر لەگەڵ ئەو ترۆهاتە پێکەنیناویە، بیرەوەری بەنرخیشی هەبوو، جارێکی تر دەستیکردوە بەلێکۆڵینەوە لەسەر هێگڵ، بەرەخنەی روخێنەر دەیەوێت فرتوفێڵی قوتابخانەی هێگڵو بێتوانایی زەقی ئەو لەرونکردنەوەی (بوون) پیشانبدات، کیرکەگۆر لەسەر ئەوە سوورە، کەناتوانین (بوون) بەشێوەی عەقڵو بیرو دروستکردنی رژێمە دوورودرێژە فەلسەفیەکان تێبگەیین، بەتایبەتی لەگەڵ ئەوەی کەهەر کەس (بوون) بەبیری عەقڵ بناسێت، ئیتر جێگەیەکی بۆ بڕواو ئیمان نامێنێتەوە.

لەکتێبی (نەخۆشی تا مردن) کیرکەگۆر سەرقاڵی شیکردنەوەی (بێ ئومێدی) یە ئەو بەبێتوانایەک کە بە(بمانەوێت هەمان خود بین، کەبەراستی هەیین) دەزانێت کەئاستێکی ترسناکە، ئەو بڕیارەی کیرکەگۆر کەلەگەڵ بۆ چوونی پیشووی کە(خود)، بوون(بوون) نییە، بەڵکو هەبوون(شدن)ە، لەگەڵ یەکتر هەیە

، چونکە لەو حاڵەتەدا (خودێک کەبەڕاستی هەین) لەکاردا نییە، کیرکەگۆر لەو خواستەدا بەپێشنیاری (خودێک کەبەتوانا بین) دوردەکەوێتەوە، بەڵام ئایا بۆ هەر کەسێک، بەتایبەتی شتێکی وەک (خودی واقیعی)،یان (خودێکی بەهێز) بوونی هەیە، یان نە؟

لەنێوان ئەوەی کەبڵێین هەر کەس ئامادە باشی زۆری هەیە، کەرەنگە بەپێچەوانەی یەکتر، یان یەکتر رەتبکەنەوە، لەگەڵ ئەو قسەیەکی کەهەر کەس یەک (توانایی خۆی) هەیە، جیاوازیەکی ناشیرین هەیە، کەزیاتر تاکە مرۆییەکان لەسەرەتای ژیانیاندا، روبەڕووی هەڵبژاردنی جۆراوجۆر بوونەتەوە، کەهەر یەکێک لەوانە، دەیتوانی بەپاراستنی (راسنگۆێکی تایبەت؟ خود) واتە هێنانەدی هەندێک، یان هەموو تواناکانی خۆی هەڵبژێرێت، لەتوانای هیچ کەسێکدا نییە، کەهەموو تواناکانی بەهێزی خۆی بیهێنێتەدی (ئەلبێرت شوایتزێر)، هەرچەندە موزیک ژەنێکی زۆر لێهاتوو بوو، بەڵام کاری پزیشکی لەئەفریقادا بۆ ژیانی هەڵبژارد، کام یەک لەو دووانە "خودی واقیعی" ئەوبوون؟. عادەتەن لەدوای هەرجۆرە دەعوتکردنێک بەگۆڕان (خودی واقیعی) ئەگەر وەها خودێک لەپێشەوە دیاریبکرایە، جۆرێک مەبەستو نیەتی پێشوویی هەیە، هەتا ئەگەر بێ جێگیریکردنی لەپێش ئەم (خودی واقیعی) باوەڕەمان هەبێت، کەلەودا ئەتوانین ئاشکرای بکەین، گۆڕانێک لەبڕیاری سەروو رووناداتە، چ ئاشکراکردن، واتە دۆزینەوەی شتێک کەلەپێشتر هەبووە، شیاوی تێڕوانینە باشترین لێکدانەوە دژی ئەو بابەتەی (کەشفی خود) ئەوەبێت، کەکیرکەگۆر پێشتر بەکاریهێنابوو، ئەو قسەی لە (هەڵبژاردن لەپێناو دروستکردنی خود)ی، دوورخستەوە، ئەوەش هەمان ئازادی راستیو (شڵەژێنەر) ە کە کیرکەگۆر، پێشتر جەختی لەسەرکردبوو.

بگەڕێنەوە سەربابەتی نائومێدی لەڕوانگەی کیرکەگۆرەوە، نائومێدیەکی ئاگایانە کاتێک دەردەکەوێت، کەکەسەکە خۆی بەشتێکی دەرەکی دەناسێنێت، لەگەڵ وەها کردارێک مرۆڤ خۆی دەخاتەژێر هەڵبژاردنی چارەنووسەوە، بەنەگەیشتن بەو ئامانجە خودی ئەو خۆشەویستییەی بەدینەهاتوەو ئەو واقیعیەتەی خۆشو ناتوانێت قبوڵی بکات، لەو روەوەیە کەبۆشاییەکی دەروونیو ئارەزووێک لەناو خود ئاگایی مردن سەرهەڵدەدات.

نائومێدییەکی ئاگایانەش بوونی هەیە، ودوو شێوەی هەیە، شێوەی نادروستی، ئەوکاتە هەیە کەکەسەکە ئەزانێت نائومێدە، بەڵام وابیردەکاتەوە کەکەسانی تر بەو شێوەیە نینو (هیچ کەس نازانێ کەمن چی دەچێژم)، ئەمە ئەو دەگەیەنێتە نائومێدییەکی زیاتر، لەکاتێکدا لەشێوەی دروستی ئەو نائومێدییە ئاگایانە، کەسەکە ئەزانێت کەلەواقیعدا نائومێدی بەشێکە لەپێگەی مرۆیی‌و لەو رووەوە بەشێکە لەخود، ئەو نائومێدییە پەیوەستەیە ئاگایەکی خودییەوە، تەنیا رێگەی هاتنەدەرەوە لەو نائومێدییە ئەوەیە (هەڵبژاردنی خودی خۆیەتی)و گۆڕان دەگاتە ئاستی بڕوابوون، لێرەدایە کەکیرکەگۆر خۆی ئاشکرادەکات، تەنیا (خودی راستی) کەسی ئیمانداره.

کیرکەگۆر هەتاکو سەرەتای دەیەی چوارەم ژیانی لەگەڵ نووسین بەردەوامبوو، ئێستا بەتەواوی پیرتر لەتەمەنی راستی خۆی دەبینرێت‌و میراتی باوکیشی بەرەو تەواوبوون دەڕوات‌و پێویستی بوو کەئیش بکات، بەڵام تەنیا یەک پیشە هەبوو، کەرەنگە بتوانێ بیگرێتەبەر، ئەوەبوو کەببێتە قەشە، هەرچەندە ئەڵێت گوایە خۆی بۆ ئەو ئەگەرە حازرکردبوو، بەڵام دەڵێی شتێک لەناخیدا بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵیدا ناکۆک بوو، ئەوەی کەدینی خۆی بکاتە هۆکاری گوزەرانی ژیانی، بۆیە ئەم لەلای جێگەی قبوڵکردن نەبوو، لەلایەکی ترەوە تێگەیشتنی لەمەسیحیەت لەگەڵ رەوتی کڵێسا رەسمیەکانی دانیمارکدا، جیاوازی هەبوو.

کیرکەگۆر بڕیاریدا لەرێگە لادانییەکانی مەسیحیەت، کەکڵێسای دانیمارک بانگەوازی بۆ دەکرد ئاشکرای بکات، لەگەڵ ئەوەی کەلایەنی مادی بەرەو خراپی دەچوو، گۆڤارێکی بەناوی "سات" دەرکرد، کەتەنها کاریبوو، لەو گۆڤارەدا جارێک وەک (دەزگا) هێرش کردە سەر کڵێساو یەکێک لەخۆشەویسترین کەسانی ئەوی بەدنیا خۆشەویست‌و ریاکار دانا (لەهەمووی خراپتر، هێگڵی بوو) لەژمارەیەکی تردا نووسی، ئەگەر دەردەکەویت کەلەبنچینەدا عیسای مەسیح بوونێکی دەرەکی نەبووە، جارێکی تر کلێسا بەبێ بچوکترین گۆڕان کارەکەی پیشووی درێژەی پێبدا، تەنیا هەندێکی کەم لەقەشەکان، بۆیان هەیە ئامادەبن لەو ژیانە ئاسانەی کەهەیانە، دەستی لێهەلیگرن.

بەوشێوەی کەچاوەڕوان دەکرا، ئەو هێرشانە بووە هۆی شێواندنێکی نوێ،

ئێستا ئیتر بۆ کیرکەگۆر هیچ دەفەرتێکی بوون بەقەشەیی بۆنە مابووە، لەزۆر روانگەوە زۆر خراپ گۆڤاری (Corsair) دووبارەدەبووەوە، کیرکەگۆر جارێکی تر ناوبانگی دەرکردەوە(وتارەکانی زۆر بەخێرایی وەرگێردرایە سەر زمانی سویدیو بابەتەکە سەرانسەری وڵاتانی ئیسکەندەناڤی گرتەوە) . وەکو ئەوەی هەموودنیا دەیویست مافی کیرکەگۆر بزانێت، ناوبانگییەک هاوکات لەگەڵ بەدناویو رەتکردنەوەدا، تەنیا جۆرێک لەناوبانگ بوو، کەدەیتوانی قبوڵیبکات، لەلایەکی تریشەوە ئەو وتەیەی کەباوکی کیرکەگۆر لەکوێستانەکان بەخودای وتبوو لێرەدا دەبینرا.

هاوسەری رجین لەو سەردەمەدا وەک پارێزگاری دوورگە داگیرکراوەکانی دانیمارک، لەدەریای کاریبی هەڵبژێردرابوو، کیرکەگۆر ئاگاداری ئەم حاڵەتەبوو، ئەوەی کەچەند سەفەری دوورودرێژو نزیک رووداني رجین بێئاگاداری کیرکەگۆر بۆ هەڵبژاردنی ئەو کاتە، لەپێناو دروستکردنی ئەو کێشانەی تووشی کردبوو، زانراو نییە.

لەئەپریلی ساڵی (١٨٥٥) بەیانیەکی ئەو رۆژەی کەبڕیاربوو رجینو هاوسەرەکەی رەوانەی شوێنی تازەی ئیشەکەیان بکرێن، رجین پلانێکی دانا تاکو لەشەقام بەرێکەوت کیرکەگۆر ببینێت، لەو رووبەڕووبوونەوە کورتەدا، رجین هەڵوێستەیەکی کردو بەهیواشی بەکیرکەگۆری وت :(خودا پشتو پەنات بێت، هیوادارم هەموو شتێک بەباشی بچێتە پێشەوە)، کیرکەگۆریش بەبەرزکردنەوەی کڵاوەکەی رێزی بۆ نواندو هەریەکێکیان رێگەی خۆیان گرتەبەر، دوای (١٤) ساڵ لەتێکچوونی دەزگیرانداریەکان ئەوە یەکەمین جاربوو کەبەیەکەوە قسەبکەن، بەڵام بڕیاریش بوو کەئەمە دوا بینیشیان بێت.

لاوازبوونی بەردەوامی لەگەڵ ئەو رووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ کڵێسادا، تەندروستی کیرکەگۆری خستە مەترسییەوە، حەوت مانگ دوای رۆیشتنی رجین کیرکەگۆر لەشەقامدا لەهۆش خۆی چوو، دوایی بردرایە نەخۆشخانەو لەوێ خەوێنرا، دوا فلسی پارەکانی لەچاپدانی دوایەمین ژمارەی گۆڤاری سات خەرجکرد، لەلاوازیو بێئومێدیدا، کەرەهەندەکانی ئەوی بەو لاوەکەییانەوە دەناسی، هیوای بەردەوامبوونی لەژیانی لەدەستدا، بەڵام هیچ کات ئیمانی لەدەست نەدا، ئەوانەی

کەئەویان لەو رۆژانەی کۆتاییدا بینی بوو، باسیان لەدرەوشانەوەی چاوەکانی دەکرد لەنێوان سیمایەکی چرچو پیربوودا، کیرکەگۆر لە (١١)ی نۆڤەمبەری ساڵی (١٨٥٥) یەک مانگ لەدوای خەواندنی لەخەستەخانە مرد، ئەو شتانەی کەمابووی بەپێی وەسیەتەکەی هەمووی بۆ رجین دانابوو.

مەراسیمی پرسەی کیرکەگۆر بەپێچەوانەوەی ئەوەی کەچاوەڕواندەکرا، خەڵکێکی زۆری کۆکردەوە، خوێندکارەکانی زانکۆ بۆهەڵگرتنی تابووتەکەی پێش بڕکێیاندەکرد، رەنگە بەو شێوەیەی کەهیوای بۆ دەخواست، لەو مەراسیمەشدا هەڵچونێک روویدا، هەندێک سەبارەت بە ریاکاری کڵێسا، لەمافدان بەخۆو ناشتنی لە بەشی تایبەت بەکڵێسای گۆڕستان نارەزاییان دەربڕی، کەسێک بابەتێکی رەخنە ئامێزی لەوتارەکانی ئەوی خوێنەوە، دەنگە دەنگێک لەکۆمەڵەکە بەرزبووە.

(لەسەربەردی گۆڕەکەی ئەم شتانە نـووسـراوە، سورێن کیرکەگۆر لەدایکبووی (٥/ ٤/١٨١٣) لەدایکبووە، لە (١١) نۆڤەمبەری (١٨٥٥) مردوە، سەرئەنجام دوای تێپەڕبوونی کاتێکی کەم ئازادبووم، هەموو چاڵەکان کۆتاییان پێهات، ئێستا من لەکۆشکێک لەگوڵی سوور لەگەڵ هاومەسیحیەکانم دانیشتووم‌و قسەدەکەم، وتوێژێکی بێ کۆتایی...)

**کۆتایی**

کیرکەگۆر هەر زوو لەبیرکرا، تەنیا لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بوو، کەجارێکی تر ناوبانگی دەرکەوتەوە، بیروڕاکانی ئەو لەئەڵمانیا وەکو فەلسەفەی هاوتەریب لەگەڵ قوتابخانەی تازەی شیکاری دەروونی لەقەڵەمدرا.

ئەندێشەکانی کیرکەگۆر، بۆ چوونەکانی هۆسرێلی داهێنەری بووناسینی تەواوکرد، هەوڵیدا شیکاری فەلسەفی زانیاری بەشێوەی عەقڵنی ریزبەندی بکات، هەروەکو لەهەر شکستخواردنێکی فەلسەفی چاوەڕواندەکرێت، ئەو تێکۆشانە سەرکەوتوو نەبووەش لەڕوانگەی فەلسەفەوە پڕ بەهابوو، بیروڕاکانی کیرکەگۆر شاگردو هاوکاری هۆسرێل، هایدگەر بیرەکانی کاریگەریەکی قوڵی لەسەر ئەندێشەی ئەوروپا لەسەدەی بیستەم بەجێهێشت‌و لەگەڵ ئەمەشدا قۆناغێک بردیە پێشەوە.

زۆرێک ئەو فەلسەفە نوێیە (ئەگزیستانسیالیزم) کیرکەگۆریان بە بەبنیادنەری دادەنا، ئەگزیستانسیالیزم تەنیا تێکۆشانی ئەندێشەی رۆژئاوایی بوو بۆ ئەنجامدانی

فەلسەفەی ناعەقڵنی، لەو ڕوانگەوە هیچ کەس لەسەرکەوتنی ئەو گومان ناکات، تەنیا پرسیاردەکرێت ئایا لەبنەڕەتدا وەها کردارێک جێگەی پێشبینیکردنە، بەپێچەوانەی فەلسەفە عەقڵنییەکان تازەو کۆن، ئەگزیستانسیالیزم فەلسەفەیەکی تەواو سوبژیکتیوە، لەو روانگەوە رەنگە گومان بکرێت لەوەی، لێکۆڵینەوە لەفەیلەسوفی ئەگزسینالیزم، کارێکی زۆر گران بێت، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە، کەخاوەنەکانی ئەم قوتابخانەیە بەهۆی لێکۆڵینەوەو مشتومڕە بەردەوامییەکانیان ناویاندەرکردوە، لەڕوانگەی کیرکەگۆرەوە (بـوون)و (هەبوون) لەسەر هەر زانستێکی (عەقڵنی) لەپێشترە، بڕیاربوو کە ئەگزیستانسیالیزم لەلایەن ژانپۆل سارتەر بگاتە لوتکەی خۆی.

خـودی ناونیشانی ئەگزیستانسیالیزم ، دوای ئـەوەی کەیەکەمین جار کیرکەگۆر ئەوەی داهێنا، ماوەیەک فەرامۆشکرا، تائەوەی کەئەڵمانییەکان دووبـارە ئەویان زیندوکردەوەو دواتـر رەتیانکردەوە، هەم هۆسرێلو هەم هایدگەر کە ئەگزیستانسیالیزم بوون، نکۆڵیان لێکرد، لەبەرئەوەی وایاندەزانی پەیوەستکردنی ئەم ناوە پێیانەوە، بەربڵاوبوونی فەلسەفەکەیان بەرتەسکدەکات، سەرئەنجام سارتەر خواستی لەسەر بەربڵاوی زۆری نەبوو، بوویە یەکەم کەسێک کەلەسەرەتای دەیەی (١٩٤٠) بەئاشکرا خۆی ناو نا ئەگزیستانسیالیزم ، لەکۆتایی ئەودەیەدا بوو کەسارتەرو ئەگزیستانسیالیزم بەیەکەوە دەناسران، سارتەر دانی بەوەدادەنا، کەکیرکەگۆر رۆڵی هەبوو لەدروستبوونی سەرەتایی ئەگزیستانسیالیزم ، بەڵام جەختی لەسەر ئەوە دەرکـردەوە، کە ئەگزیستانسیالیزمو خودی ئەو هیچ پەیوندییەکی بەکیرکەگۆرەوە نییە، وەها بڕیارێکی نابەجێ، دەبێـت بەپێی مەیلو ئارەزووەمانی کیرکەگۆربێت، کە بێ سەرەو بەرەییو بێ خودایی سارتەر کەلەفەلسەفەکەیدا رۆڵی سەرەکییان هەبوو، بەدڵنیاییەوە ناتوانێت هیچ جێگایەکی لەفەلسەفەی کیرکەگۆرا هەبێت.

**لەنووسینەکانی کیرکەگۆر**

*یەکەم شت کەئەبێ تێبگەیت، ئەوەیە کەتێیناگەیت.

*لەسەرەتای لەدایکبوونماندا ئێمە لەگەڵ داب‌و نەریتکی ئیمزاکراودا نێردراوین بۆ سەفەری ژیان.

*بەو ئەندازەیەی کەمرۆڤ دەتوانێت شت لەبیربکات، ژیانی تووشی بەرزی‌و نزمی دەبێت، بەو ئەندازەیەی کەبتوانێ لەبیریدا بێت، ژیانی لەگەڵ خودا دادەبێت.

*لەدوای مردن، لەنێوان نووسینەکانم، کلیلێک لەسەر ژیانم نادۆزنەوە( ئەوە ئارامبەخشێکە بۆ من) کەس ناتوانێ وشەیەک بدۆزێتەوە کەهەموو شتێک شیبکاتەوەو ئەوەی کەدنیا بەبێ نرخ دادەنێت، دەبێت بەکردارێکی گرنگ‌و گەورە بۆ من، یان ئەوەی کاتێک لەیاری پارێزەری بەتاڵ بوو، بەتەواوی بەبێ نرخیان دادەنێم.

*ئامانجی ژیانی من خستنەڕووی راستییەکان بوو، بەوشێوەیەی کەئەوم دەستدەکەوێت. بەبێ هەرجۆرە توانایەک و مەرجەعیەتیک لەگەڵ دوورکەوتنەوە لەهەر مەرجەعێک‌و توانایەک، لەگەڵ دانانی خەڵک بەوەی کەبەتەواوی جێگەی هیچ پشت پێبەستنێک لەقەڵەم بدرێم، راستییەکان دەربخەم، خوێنەر بخەمە ئاستێکی پێچەوانەوە، کەتەنیا رێگەی دەرباز بوون لەوەش، ئەوەیە کەراستی خۆیان دورست بکەن.

*لەگەڵ هەر هەنگاونانێک بەرەو پێشەوە، فەلسەفە بەرگێکی فرێدەدات، وسیمایەکی نوێ دەگرێتە خۆو ئەو شتە بێ تایبەتمەندیانەی، کەلە ناو ئەو بەرگە کۆنەکەدا هەبوون، بەهەمانشێوە لەناوسیما نوێکەدا جگەی خۆیان دەکەنەوە.

*ئەگەر هیگڵ لوژێکی خۆی تەواوکردبووایە، لەپێشەکیەکەیدا دەینووسی کەئەوە تەنیا ئەزموون‌و راهێنانێکی بیرییە، کەلەودا پێویستییە نابەجێکان چەندێک تێدا بەکارهاتوون، بێگومان گەورەترین بیرەمەندی تەواوی سەردەمەکان دەبوو، بەڵام بەو شێوەیەی کەهەیە، هیگڵ لەگاڵتەیەک دەچێت.

*هەموو ئەو مرۆڤە تایبەتیانەی کەبەدرێژی سەدەکانی رابردوو، هەریەکیان لەچوارچێوەی (مرۆڤایەتی) لێدوانێکیان داوە، یەکێک وتویەتی مرۆڤ جۆرێکە

لەئاژەڵ، ئەوەی تر وتیویەتی مرۆڤ بوونەوەرێکی ریاکارە، یەکێکی تر مرۆڤ بوونەوەرێکی درۆزنەو لەو جۆر قسانە ئەوتران.

بیروڕای من رەنگە زۆر دوور نەبێت، چونکە من ئەڵێم مرۆڤ زۆربلێیەو ماهیەتی نوتقی ئەو بەرەو ئەو کارە دەکاتەوە.

بەهەوڵی توانای قسەکردنی هەرکەسێک، لەچینی باشتر بەشداردەبێت، (بەڵام تەنیا بەیارمەتی قسە)و لەو کارەدا قسەی هیچو بێمانا هەڵدەبەستێت، کەئەوەندە بێمانایە کەکەسێک دوای سەیرکردنی تابلۆ رازاوەکانی خوانی مەلیک لەپیشانگاکەدا خوازیار بەشداریکردنە لەو خوانەدا.ئەگەر کەسێکی موشریک بوومایە، دەموت خوداکان ئەو بەهرە قسەکردنەیان بەئادەم داوە، تاکو خۆی بەسەیرکردنی وەها خۆفریودانێکی بێماناوە سەرقاڵبکات، بەڵام لەڕوانگەی مەسیحیەتەوە، دەبێت بڵێین کەخودا ئەو نیعمەتەی لەسەر خۆشەویستی داوە بەمرۆڤ، تاکو ئەو بەتێگەیشتنی دروستی بڕیاری خودایی رێنمایی بکرێن، بەڵام نازانین خودا دەبێت بەچ ئەسەفێکەوە لەسەرئەنجامی ئەو میهرەبانییەی روانیبێت!

لەیاداشتەکانی

*راستی لەگەڵ فەلسەفەدایە، کەدەڵێت ژیان بەسەیرکردنی بەرەو دوواوە دەتوانین تێبگەین، بەڵام زۆربەی کات لەو راستییەی تر بێئاگادەبین، کەدەبێت لەژیاندا بەرەو پێشەوە بژین، کاتێک سەرنج لەبەشی کۆتایی بدەین، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەژیان لەو کاتەیدا ناتوانیت بەدروستی تێبگەیت، لەبەرئەوەی ساتێک لەژیانمان ناتوانین راگرین، تاکو چاوبەرابرودوومان‌دا بخشێنینەوە.

*ئەگەر زانست لەسەردەمی سوکرات بەئەندازەی ئەم سەردەمە پێشکەوتوبوایە، سوفستاییەکانو هەموو ئەوانەی خۆیان بانگەشەکاری فێرکردنی فەلسەفە دەزانن، دەبنە ئەهلی زانست، دوای زانست دەکەوتن‌و بۆ راکێشانی موشتەری لەپشت دەرگاکانیان، یەک مایکرۆسکۆپێکیان هەڵدەواسی، لەپاڵیدا دەیاننووسی، ئەی خەڵکینە وەرن لەناو ئەو مایکرۆسکوبەدا ببینن کەمرۆڤ چۆن بیردەکاتەوە( ئەگەر سوقرات ئەو ئاگاداریەی بخوێندایەوە دەیوت( کەسانێک کەبیرناکەنەوە، بەتەواوی بەوشێوەیە هەڵسوکەوت دەکەن).

*نەوەی مرۆڤ ئیتر لەخودا ناترسێ، ئێستا کاتی سزادانی ئەوە بەم

ئاراستەیەدا، چونکە لەوە بەدواوە دەستپێدەکات، کەلەخۆی بترسێت، ئێستا حەزی لەخەیاڵاو هیوایەتو خواستنە. لەبەرامبەر ئەم داهێنەری دەستی خۆی، لەترساندا کەوتوەتە لەرزینەوە.

**(لەهەڵبژاردنەکانی دەستەوەاژە کورتەکان)**

*کاتێک ئێمە بابەتی راستی بەشێوەی ئەبژیکتیو پێشنیاز دەکەین، بیری ئێمە بەشێوەی ئەبژیکتیو لەراستییەکە تێدەگات، ئەوە بەبابەتێک لەقەڵەمدەدات کەبیرەوەری پەیوەندی لەگەڵدا هەیە، بەڵام ئێمە هیچ تێڕوانینێکمان لەسەر ئەم پەیوەندییە نییە، بەڵکو تەنیا ئەو بابەتەمان لەبیردایە، کەئەو شتەی بیرەو پەیوەندی لەگەڵدا هەیە راستە، یان نا، ئەگەر راست بێت دەڵێین ئەو راستییە دەزانێت، بەڵام ئەگەر راستییەکە بەشێوەی سوبژیکتیو بیری لێبکەینەوە، بیری ئێمە پەیوەندییەکی سۆزداری لەگەڵدا دەبێت، ئەگەر ئەو پەیوەندیە بەراستی بێت، راستییەکە بەشێوەی سوبژیکتیو دادەنێین، هەتا ئەگەر ئەو بابەتەی دەرەوەی ئەم پەیوەندیە راستی نەبێت؟

*سوبژیکتیویتا، بڕیارێکی دەروونی راستییە، ئەوە دانراوی منە.

*ئیمان شتێکی بێمانایە، بابەتەکەی ئەو شتێکی زۆر نامەعقولەو، دوورە لەهەر دەستپێگەیشتنی هەر بەڵگەیەک، وا وێنای بکە کەسێک کەبڕیاریداوە ئیمان بهێنێت! رێگە بدە تاوەکو بـەدوای ئەو کۆمیدیە بکەوین، ئەو دەیەوێت ئیمانی هەبێت، لەهەمانکاتدا دڵنیابێت کەهەنگاوێکی دروست هەڵدەهێنێن، لەسەر ئەو بنەمایە دەستدەکات بەلێکۆڵینەوەی ئۆژیکتیوی، ئەو ئەگەرە، کە حەقو راستە، چی روودەدات؟ بەهۆی ئەو لێکۆڵینەوەیە، بڕیاری بێواتایی ئیمان دەبێتە شتێکی تر، دەبێتە ئەگەر، هەرچەند زۆرتر ببێتە ئەگەر، بێئەندازەو بەتەواوی دەبێتە ئەگەر، ئێستا ئەو ئامادەیە کەباوەڕبکات، وبەخۆی دەڵێت بەپێچەوانەی مرۆڤی ئاسایی، کۆڵانو شەقامەکان تەنیا لەدوای بیرکردنەوەیەکی قوڵو تێگەیشتنێکی دروستی شیانەکان، ئەوەی کەبڕوای پێدەکات بابەتی ئیمانە ، بەڵام لێرەدا بەدروستی دەبینێت، کەبڕوا پێکردنی بەئەوە نامومکینە ئەو شتەی کەبەرێژەی ئەگەرە، یان هەر ئەگەرە، یان زۆر بەتەواوی ئەگەرە، شتێکە کەبەرێژەیی دەزانێت، لەراستیدا دەزانێت زۆر و بەتەواوەتی دەزانێت، بەڵام باوەڕکردنی نامومکینە، لەبەرئەوەی کەبێواتا بابەتی ئیمانەو، تەنیا بابەتێکە کەدەتوانێت باوەڕت پێی هەبێ.

## رۆژمێری ژیانی کیرکەگۆر

١٨١٣لەدایکبووە

١٨٣٠خوێندکاری زانکۆی کۆپنهاگن بەشی ئیلاهیات بووە.

١٨٣٤ مردنی دایکی.

١٨٣٧ یەکەمین دیداری لەگەڵ "رجین ئوڵسنی" (١٤)ساڵە.

١٨٣٨ مردنی باوکی.

١٨٤٠ دەزگیرانی لەگەڵ رجین.

١٨٤١ هەڵوەشاندنەوەی دەزگیرانی و چون بۆ بەرلین.

١٨٤٢ بڵاوکردنەوەی کتێبی (ئەمە یان ئەوە).

١٨٤٣ بڵاوکردنەوەی کتێبی (ترسو لەرز).

١٨٤٤ بڵاوکردنەوەی کتێبی (چەمکی ترس).

١٨٤٦ گفتوگۆ ومشتومڕ لەگەڵ گۆڤاری تەنزی کورسر.

١٨٤٨ ئەزموونی ئاینی، کەسروشتی ئەو وهەڵسوکەوتی بەرەنگابوونەوەی دەگۆڕێو لەفەرمانەکانی خودا دەگات.

١٨٤٩ بڵاوکردنەوەی کتێبی (بیماری تاوەکو مەرگ).

١٨٥٤ چوونە ناو وتووێژەکان لەدژی کلێسا.

١٨٥٥ دەرکردنی گۆڤاری (سات)، نووسینی وتارەکانی لەسەر کلێسا، دواین دیدار لەگەڵ رجین، مردنی لەئەکتوبەری هەمان ساڵ.

**رۆژمێری سەردەمی کیرکەگۆر**

١٨١٣ شکستی دەوڵەتی دانیمارکو بوونەتەهۆی خراپی باری ئابووری، کەباوکی کیرکەگۆر بەسەرمایەگوزاریو کڕینی سەنەدی قەرزی دەوڵەت رزگاریدەکات

١٨١٣ لەدایکبوونی واگنر.

١٨١٥ شەری واترلو، حوکمڕانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا لەسەر هەموو هندۆسەکان.

١٨٢١ فارادە بنچینەی حزبی بزوتنەوەی ئەلکترونی دۆزیەوە

١٨٢٥ دانانی هێڵی ئاسن (ئەستفنسن) رێگەی ئاسنینی نێوان دارلینگون وئستاکتونی کردەوە.

١٨٢٩ بەریتانیا هەموو دورگەکانی ئیسترالیا داگیردەکات.

١٨٣٠ سەربەخۆیی یۆنان، لەئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

١٨٣١ مردنی هیگڵ بەهۆی پەتای بەرلینەوە، داروین بەکەشتی بیگل رهسپار دەچێت بۆ دورگەکانی گالاپالوس.

١٨٣٢ مردنی گۆتە لەوایمار.

١٨٣٤ دەوڵەتەکانی ئەلمانیای یەکگرتوو، یەک گومرگی دروستدەکەن، کەهاوکاری شۆڕشی پیشەسازی ئەوروپا دەکات.

١٨٤٤ لەدایکبوونی نیچە.

١٨٤٥ پەیوەستبوونی کۆماری تەکساس بەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

١٨٤٨ شەپولی شۆڕشەکان لەئەوروپا، مەکسیک، ئەلمانیا، باشووری خۆرئاوا (تەواوی کالیفورنیا).

١٨٥٠ شوینهاوری فەیلەسوفی سەرسەختو دژی هیگڵ، ناوبانگیەکی تر بەدەستدەهێنێت.

١٨٥٣–١٨٥٦ شەڕی کەریمە.

١٨٥٦ لەدایک بوونی فرۆید.

١٥٤٣ کۆپرنێک کتێبی (دەربارەی سوڕانەوەی گەردون)ی بڵاوکردەوە

لەلایەنی بیرکاریەوە سەلماندی کەزەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە.
١٦٣٣ کڵێسا گالیلۆی ناچارکرد، کەبەرەسمی بۆ چوونەکەی خۆی کەخۆرناوەڕاسنی گەردوونە پاشگەزبێتەوە.
١٦٤١ دیکارت(تێرامان)ی خوی بڵاوکردەوە، سەردەمی دەستپێکردنی فەلسەفەی مۆدێرن.
١٦٧٧ کتێبی (ئاکار)ی سپینۆزا دوای مردنی مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی وەرگرت
١٦٨٧ نیوتن کتێبی (بنەما)ی بڵاوکردەوەو تێیدا چەمکی راکێشان شیدەکاتەوە.
١٦٨٩ لاک (پەیام لەباری تێگەیشتنی مرۆڤەوە)ی بڵاوکردەوە، سەرتایی دەورانی فەلسەفەی رەسانەیەتی ئەزموونی.
١٧٧٠ بارکلی کتێبی بنەمای زانستی مرۆیی بڵاوکردەوەو رەسەنایەتی ئەزموون دەگەیەنێنە ئاستێکی نوێتر.
١٧١٦ مردنی لایبنیتس.
١٧٣٩–١٧٤٠ هیوم (پەیام لەسروشتی مرۆڤدا) بڵاوکردەوە، رەسەنایەتی ئەزمونیش تاڕادەیەکی سنودار لوژێکیدا بەرە پێشەوە دەبات.
١٧٨١ کانتو هاوکاری هیوم لە(خەوی جەرمی خۆی بەئاگادێنەوە) کتێبی (رەخنەی عەقڵی نایاب بڵاودەکاتەوە، سەردەمی بەهێزی میتافیزێکی ئەلمانیا دەستپێدەکات.
١٨٠٧ هیگڵ کتێبی (سەرهەڵداننانسی بیر) بڵادەکاتەوە، کەخاڵی باڵای میتافیزێکی ئەڵمانیایە.
١٨١٨ شۆپنهاور کتێبی (جیهان وەک ئیرادەو سەرلەنوێبوونەوە) بڵاودەکاتەوە، فەلسەفەی هند لەمیتافیزێکی ئەڵمانیا پێشنیازدەکات.
١٨٨٩ نیچە بەراگەیاندنی ئەوەی کە (خوا مردوە) لەشاری تۆرینۆ توشی شێتی بوون دەبێت.
١٩٢١ وینگنشتاین (پەیامی لوژێکیو فەلسەفە)ی خۆی بڵاوکردەوە راگەیاندن گەیشتووەتە، دوا رێگەی کۆتایی لەمەسەلەی فەلسەفەدا.

## دانانی کاتی رودانە گرنگە فەلسەفیەکان

**مێژوەکان بەیلادین**

سەدەی شەشەمی پێش میلاد دەستپێکردنی فەلسەفەی رۆژنامە لەگەڵ ئەندێشەکانی کالیس ملتی.

کۆتایی سەدە مردنی میساگورس.

٣٩٩پ.ز سوقراط لەئاثن بڕیاری بەسەردا دەدرێت.

٣٨٧ پ.ز ئەفلاتون ئەکادیمای خۆی لەئاتندا دەمەزراند، کەبەیەکەمین زانکۆ دادەنرێت.

٣٥٥ پ.ز ئەرستۆ قوتابخانەی (لیسیۆم) ی لەئاثن دامەزراند، کەدەبێتە رەقیبی ئەکادیمای ئەفلاتون.

٣٢٤ ئیمپراتۆریەتی کستانین، ئیمپراتۆریەتی رۆم دەگرێتەوە بۆ بەیزنتین.

٤٠٠ سنتا ئاگۆستین کتێبی (دانپیانانە)کانی خۆی دەنوسێن، فەلسەفە لەئیلاهیاتی مەسیحیدا دەبێتە شتێکی مستەحیلی.

٤١٠ روخاندنی ئیمپراتۆریەتی رۆم بەدەستی (ویزیگث)ەکانو سەرەتای سەدەی زوڵم.

٥٢٩ داخستنی ئەکادیمیای ئاثن بەبڕیاری ئیمپراتۆر (یوستینین) نیشانەی کۆتایی سەردەمی حکومەتی یونانیە.

ناوەڕاستی سەدەی سێزەم تۆماس نکویناس بیروڕای خۆی لەسەر ئەرستۆ دەنوسێ، سەدەی فەلسەفەی قوتابخانەیی.

١٤٥٣روخاندنی بیزانس بەدەستی تورکەکان، کۆتایی سەردەمی ئیمبراتۆریەتی بیزاسن.

١٤٩٢ کریستۆفر کۆڵۆبس دەگاتە ئەمریکا، سەدەی نوێکردنەوە لەشاری فلوراسنو زیندوکردنەوەی فێرکردنە یۆنانیەکان.

١٩٢٠ گروپی وین، پۆزیتیوزمی لۆژێکی بڵاودەکاتەوە.

١٩٢٧هایدگر کتێبی (بوون) بڵاودەکاتەوە، کەجیاوازی دەکات لەنێوان فەلسەفەی شکاریو فەلسەفەی ئەوروپاییو زۆر بەوردی باسیاندەکات.

١٩٤٣سارتەر کتێبی (بوونو نەبوون) بڵاوکردەوەو ئەندێشەکانی هایدگەر تەواو دەکات، فەلسەفەی ئەگزیستانیالیزم پێشنیاز دەکات.

١٩٥٣بڵاوکردنەوەی کتێبی (لێکۆڵینەوەی فەلسەفی)و ثیگنشتاین دوای مردنی، لوتکەی سەردەمی شیکاری زمان.